# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (176) بەرواری 1-10-2024

بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (١٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت


## دیموكراسی: لێكدانەوەكان و واقعیەت


گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیكمەت...ل9

بەشی حەوتەم...

## وتەی ژمارە

# هەڵبژاردن لەكۆمەڵگەی كوردستاندا، یارییەكی بێ ئاكام و فریوكارییەكی ئاشكرایە، بۆیە پێویستە دەنگی "نا" و "بایكۆت" نوێنەرایەتی بكرێت!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



وا بریارە لە 20 ئۆكتۆبەری داهاتوو هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستان، بەڕێوە بچێت. لە ئێستاشەوە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەكانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی كورد خەریكی ئامادەكارین بۆ ئەم هەڵبژاردنەو بانگەشە دەستی پێدەكردووە. دوبارە ماشینی درۆسازی، بەڵینی بێ بنەما، وادەی زل و بێ ناوەرۆك، هەڵدانەوەی فایلی تاوانكارانەی یەكتری، كۆمەڵگە سیخناخی درۆ و فریوكاری و نیشاندانی تاوانكارییەكان دەكات. هەڵبژادنی ئەمجارە لە هەلومەرجێكدا بەڕێوەدەچێت، كە هەم حزبەكانی خاوەن دەسەڵات و میلیشیا دەرگیری ئەزمەن و پێگەی سیاسیان لە لەسەر ئاستی ناوچەكەو عێراق و كوردستاندا بەرەو داكشان چووە، هەم هێزەكانی بەناو ئۆپۆزیسیۆن" كە ئێستاشی لەگەڵ بێت لەدەسەڵاتدا بەشدارن و بەشدار بوون" توشی پاشەكشەیەكی ئابڕووبەرانە هاتوون و ئاەناڵەیان بۆ لەدەست دانی پێگەو پاشەكشەیان، بەردەوامە.

خەڵكی كوردستان لە چەندین خولی پێشوی هەڵبژاردنەكاندا، بەرێژەیەكی یەكجار كەم بەشداری هەڵبژاردنیان كرد و بەپێی ئامارە فەرمیەكان، نزیكەی ٧٠% لەسەدی هاوڵاتیان بایكۆتی هەڵبژاردنەكانیان كرد. بایكۆتی هەڵبژاردنەكان لەلایەن هاوڵاتیانەوە، كاردانەوەی تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بوو لە دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەكێتی و تاڵان و برۆیەكی ئاشكراو ئەو نابەرابەرییە ئابوری و چینایەتییە قوڵەی لە كوردستاندا هەیە، هاوكات سزادانی ئەو حزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە بوو، كە هەم لەدەسەڵات بەشدارن و لە سفرەی پڕی دزی دەسەڵاتدا ئاوساون و دەخۆن و هەم خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دەزانن و یەك تاكە وادەو بەڵێن و بەندێكی یەك پاكیجیان، بەهیچ شوێنێك نەگەیشت. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە نەك هەر جەماوەری كوردستان، بەڵكە

بۆ لاپەڕە 2

## حەسەن نەسروڵا كوژرا، كێشەی خەڵكی فەلەستین زیندووە!



لە چوارچێوەی هێرشی بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیل و كردەوە ئینسانكوژ و تیرۆریستیەكانیدا، بە جیا لە كوشتاری بەردەوامی خەڵكی سفیل و بێتاوان و خاپوركردنی شوێنی كارو نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیان، هاوكات چەندین فەرماندەی سەربازی و حەماس و حزب الله، هاوكات حەسەن نەسروڵا، ئەمینداری حزب الله، كوژرا. ئەم كوشتارە بەردەوامەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئاشكرای ئەمریكا و غەرب و بەدیاریكراوی ئەمریكا دەچیتە پێشەوە، هیچ بۆ

بۆ لاپەڕە 3

## كوڕانی ملیۆنێری باوكی هەژاران، گردكە میراتی باوكمانە و هەر كات ویستمان دایدەخەین!



لە ناو جەرگەی ئەزمەیەكی قوڵی سیاسی و رێكخراوەییدا كە بزوتنەوەی گۆڕان دەرگیریەتی و گۆرانی كردۆتە چەند خەت و باڵی پێك ناكۆك، كوڕانی نەوشیروان مستەفای باوكی هەژاران لە ململانیی ناوخۆی خۆیاندا، دەرگای سەرەكی مەكۆی گۆڕانیان داخست. پاساوی داخستنی ئەم دەرگایە هەر چییەك بێت، هیچ خەوشیك ناخاتە سەر ئەو راستییە، كە كوڕانی نەوشیروان مستەفا گردەكە بە موڵكی بۆ

بۆ لاپەڕە 3





## كەمپەینی بۆپێشەوە

### بەدژی یاسای هەمواری باری كەسێتی و بەیاساییكردنی دەستدرێژی سێكسی بۆ سەر منداڵان...

دەیان ژن و پیاوی یەكسانیخواز و بەرگریكار لە مافی ژنان و منداڵان، بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...لاپەڕە 5-6

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- حزبی براوە لە هەڵبژاردندا.............................................................ل4
- قەیرانی سەرمایەداری و ڕەگ و ڕیشەی فاشیزم لە ئیتاڵیا...............................ل4
- یادەوەری و كەسایەتی سروشت.........................................................ل7
- خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن... هەڵبژاردن لە كوردستان.....................................ل10




## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستان"

هاوڕێ ئیدریس مستەفا وەڵامی پرسیارەكانی داوەتەوە ل11-12

ل8 | كۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5,6 | پرسی ڕۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

لایەنگران و جەماوەرەکەی خۆشیان نوقمی بێ هیوایی و بێئومێدی کرد.

جیا لەوانەش خەڵکی کوردستان، بە کردەوە بۆیان ڕۆشن بۆتەوە، کە هەڵبژاردن هیچ لە واقعیەتی زاڵم ئاساو نەخوازرواى ژیان و گوزەرانیان ناگۆڕیت و ناکرێت دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت... هەموو ئەمانە پایەکانی بایکۆتی هەڵبژاردنی پێشوو بوون.

لەم هەڵبژارنەی بەڕێوەیە، ترسی هەموو لایەنەکان لە بەشداری نەکردنی زیاتری جەماوەردا لە هەڵبژاردنەکان و هەڵکشانی دەنگی بایکۆت، ڕاستییەکە حاشاهەڵنەگرەو هەموو لایەنەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دانی پێدادەنێن.

ڕاستیەک هەیە دەبێ پێداگری لەسەر بکرێت، بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا، بەرهەمی خۆهۆشیاری جەماوەری و چوونە سەری ئاگایی هاوڵاتیان نەبوو، بەرهەمی کاری ڕێکخراوی هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی و بژاردەیەکی کارای سیاسی و مەدەنی نەبوو، بەڵکو بەرهەمی چوونە سەری تورەیی جەماوەری و بێهیوایی بوو، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن. بەرهەمی بەکردەوەی ڕاستیەکی ئەزموونکراو بوو کە ئاڵوگۆڕ لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە مەیسەر نابێت.

لە ئێستادا کە جارێکی تر خەڵکی کوردستان دەخرێتەوە بەردەم هەڵبژاردنێکی تر، پێداگرتنەوە لەسەر چەند ڕاستییەک، پێداویستیەکی ژیاریی و گرنگە...

کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەک نییە، کە حکومەت و پەرلەمان، یاسا، هیچ جیگایەکی سەرەکیان لەواقعیەتی سیاسی و قەڵەمرەوی فەرمانرەواییدا هەبێت. بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی کوردستان پاوانی دوو دەسەڵاتی پشتبەستوو بە میلیشیایی چەکدار، کۆنترۆڵی تەواوی سەرچاوەکانی داهات، خوگرتن بە نۆکەر سفەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکەیە. حکومەت و پەرلەمان و یاسا!! ش، لەژێر چەکمەی ئەو دەسەڵاتەدان و بۆ ڕەوایەتی دان درێژەدان بەهەمان دەسەڵات و هاوکات بۆ شێواندنی ڕای گشتی و فەرمی دنیایە.

بە پێچەوانەی هەموو دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی دنیا، کە یەک دەسەڵاتی سەراسەری "بێ گوێدانە ناوەرۆکی دەسەڵاتەکە" وڵات بەڕێوەدەبات و خاوەنی یاسایە "هەر یاسایەک"... لەکوردستان دەسەڵات، دابەشی دوو بەشی یەک جغرافیایە، هەرکام لەو بەشانە دەسەڵاتێک دەستی بەسەردا گرتووە. ئاڵوگۆرهێنان، بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا لەهەرکام لەو جغرافیایەدا لەگرەی ڕابوون و هاتنەمەیدانی ئەم زونەوە مەیسەر دەبێت، نەک هەڵبژاردن و گەمەی پەرلەمانی.

ئەگەر لەهەر وڵاتێکی دنیا، چەند حزبیک کێبەرکێی دەسەڵات دەکەن لەهەڵبژاردنەکاندا، سەرئەنجام حزبێک بەپێی زۆرینەی دەنگەکان، بەپێی یاسا، دەسەڵات وەردەگرێت، و حزبی براوە بۆ چوار ساڵ یان دوو دەورە خاوەنی دەسەڵاتی سەراسەری وڵاتە، ئەوا لە کوردستان ئەگەر دەیان هەڵبژاردنیش بکرێت، دەسەڵاتی زونی زەرد ئەگەر لەهەڵبژاردنەکاندا کەمترین دەنگیش بهێنێ، ئامادە نییە دەسەڵات و داهات و پۆست و بەرێوەبردنی ئەم زونە بداتە دەستی حزبی براوە. بەهەمان شێوە ئەگەر دەسەڵاتی زونی سەوز، بەپێی دەنگدان و هەڵبژاردن، سەرنەکەوێت، بەهەمان شێوە ئامادە نییە، دەستبەرداری دەسەڵات و داهات و پۆستەکان و بەڕیوەبردنی ئەم زونە، ببێت. وازهێنان لە دەسەڵات یانی دەستبەرداربوون لەهەموو سامان و داهات و نیعمەتەی لە ڕێگای دەسەڵاتێکی ناشەرعیەوە، دەستیان بەسەردا گرتووە، یانی مەرگی سیاسی، ئامادەی ئەو مەرگە نین... ئەمە تایبەتمەندییەکی دەسەڵاتی میلیشیاییە، کە تەواو ناکۆکە بەدەسەڵاتی دەوڵەتداری و وڵاتداری لە دنیادا.

ئەم دۆخە تایبەتە وای کردووە، تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، لە هەرکام لەزونەکاندا، جیاوازی هەیە. ئەگەر لەهەر وڵاتێکی دنیادا، لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی حکومەت و پەرلەمان، دەسەڵاتی حزبی باڵادەست کۆتایی پێدێت، ئەوا لە کوردستان حکومەت و پەرلەمان ئەگەر چۆڵ و هۆڵ و تەنانەت هەر بوونیشیان نەبێت، هیچ ڕونادات. وەکو ئەوەی کە زۆرجار بینیومانە. هەروەها ئەگەر ڕاپەرین یان ڕاسانێکی جەماوەری دەست بەسەر حکومەت و پەرلەماندا بگرێت... هەرگیز بەمانای کۆتاییهاتنی دەسەڵات نییە. مەرج نییە کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی زونی زەرد، بەمانای کۆتاییهاتنی زونی سەوز بێت، یان بە پێچەوانەوە. گۆڕین یان هاوسەنگی هێز لەهەر کام لەم زونانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

تەنانەت لەهەرکام لەو زونانەشدا، دەست بەسەراگرتنی هەموو دام و دەزگا حکومییەکان دیسان بەمانای کۆتاییهاتنی ئەم دەسەڵاتە لەم زونانە نایەت. هێزی سەرەکی دەسەڵات لەهەر یەک لەم زونانەدا، پشت بە هێزێکی نایاسایی!! و چەکداری حزبی هەمەچەشنە بەستووە. لە هێزی پێشمەرگەو و زێرەڤانی و دژە تیرۆری دەمامکدار و بێ دەمامک و ئاسایش و هێزی تایبەت و هێزی بەرپرسە حزبیەکان... و هیچ کام لەم هێزانەش نەک هێزی یاسایی و سەراسەری نین و دابەشی دوو حزبی دەسەڵاتی ئەم هەرێمەن، بەڵکو هەمیشەش لە پێناو دەسەلات و بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان ئامادەی جەنگینن لەگەڵ یەکتری. ئەم دوو دەسەڵاتە هەر یەکەیان تەنها لەزونی خۆیدا و بە ڕاسانی جەماوەری دەکرێت دەسەڵاتیان کورت بکرێتەوە یان لێ بسەنرێتەوە. دیارە بەو هۆیەوە کە تێکچوونی هاوسەنگی هێز لە هەر زونێکدا، ئەگەر لەلایەن جەماوەری تورەو نارازییەوە ڕوبدات، هەردوولا دەبنە هاوکار و فریاد ڕەسی یەکتری، چونکە کاریگەری ئەم دوو زونە لەسەر یەکتری و پەرێنەوەی دەنگی نەفرەت و نارەزایەتی لە زونی سەوزەوە و بۆ زەد دا یان بەپێچەوانەوە، ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

هەموو ئەم تایبەتمەندیانە وای کردووە، کە هەڵبژاردن و گەمەی هەڵبژاردنەکان، لەئاستی سەراسەریدا بۆ پەرلەمان بێت یان لەئاستی شارەکان و بۆ شارەوانیەکان، بێت، هیچ ناگۆڕێت. ئەوەی بڕیار دەدات کێ براوەیەو دەسەڵات لەدەستیدا دەمێنێتەوە، هێزی چەک و زۆر و ترساندن و بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی خەڵک و پشتیوانی وڵاتێکی ناوچەییە، بۆ هەر یەک لەزونەکان. نە پارتیەکانی زۆنی زەرد دەتوانن بەرپرسیاریەتی لە زونی سەوزدا وەربگرن و بڕیارەکانی ئەم زونە کارپێبکەن و نە یەکێتییەکانی زونی سەوز دەتوانن لە زونی زەردا دەسەڵاتیان هەبێت و بڕیارەکان بەهەند وەربگرن. دیارە بۆ حزبەکانی تریش هەروایە. هەرکام لە حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بەکردەوە دابەشی سەر هەردوو حزبی دەسەڵات بوون و لە بازنەی بەرژەوەندی ئەواندا دەسوڕێنەوە. ئەوەش کە کێ و کام یەک لەم دوو حزبە دەتوانن مامەڵە و بڕیار لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند یان لەگەڵ دنیای دەرەوە بکەن، بەهەمان شێوە پەیوەندی بە زۆری قەڵەمرەوی سیاسی وجغرافیای زۆرتر و بوونی هێزی چەکداری گەورەترو پشتیوانی ئیقلیمی و جیهانی فراوانترەوە هەیە. بۆیە باسی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات، یان کۆتاییهینان بەدەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە، لە وەهمێک زیاتر هیچی تر نییە...

لەوانەیە ٣٣ ساڵی ڕابردوو باشترین پێوانە بێت، بۆ لەمحەکدانی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە.

ئەو ڕاستییە سەلماو ئەزموونکراوانەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەکەی، کە بەکردەوە بەشێکن لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی ٣٣ ساڵەی ڕابردوو، بەو ڕاستیەمان دەگەیەنێت، کە هەڵبژاردن لەکۆمەڵگەی کوردستاندا گەمەیەکی ساختە، یارییەکی بی ئاکام، فریوکارییەکی ئاشکرایە... بۆیە نابێ خەڵکی کوردستان بەشداری لەم کایەدا بکات... وە پێویستە دەنگی نارەزایەتی جەماوەری و دەنگی فراوانی "نا" و "بایکۆت" لەلایەن ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری" وەکو کرێکاران ژنان، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان و کارمەندان و توێژە بێبەشەکانەوە نوێنەرایەتی بکرێت و بایکۆت و "نا" وتن بە هەڵبژاردن ببێتە خۆ هۆشیارییەکی جەماوەری و خۆ سازدانێکی فراوان وەکو پێشمەرجی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵات و مەرگەساتەی ٣٣ ساڵە یەخەگیری کریکاران و کارمەندان و بێبەشانی، کۆمەڵگەی کوردستانە...

**سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤**

**کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەك نییە، کە حکومەت و پەرلەمان، یاسا، هیچ جیگایەکی سەرەکیان لەواقعیەتی سیاسی و قەڵەمرەوی فەرمانرەواییدا هەبێت. بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەی کوردستان پاوانی دوو دەسەڵاتی پشتبەستوو بە میلیشیایی چەکدار، کۆنترۆڵی تەواوی سەرچاوەکانی داهات، نۆکەر سفەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکەیە. حکومەت و پەرلەمان و یاسا!! ش، لەژێر چەکمەی ئەو دەسەڵاتەدان و بۆ ڕەوایەتی دان و درێژەدان بەهەمان دەسەڵات و هاوکات بۆ شێواندنی ڕای گشتی و فەرمی دنیا...**

## درێژەی: حەسەن نەسروڵا کوژرا، کێشەی خەڵکی فەلەستین زیندووە!

نیشانەیەک لە سەرکەوتنی ئیسرائیل ناخاتە ڕوو، بەڵکو لە بنەڕەتدا کارانەوەیەکی بە نەخشەی ئەو شکستەیەکە دەوڵەتی ئیسرائیل ڕوو بەڕوویەتی.

لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتی ئیسرائیل زۆر بە توانابیە سەربازیی و تەکنۆلۆژیاکەیەوە دەفشێت، بەڵام ئەم کوشتارە کوێرانە بەکۆمەڵ و هیتلەرییە، بەر لەوەی نیشانەیەک لە پێشرەوی و سەرکەوتنی ئیسرائیل لە باری سەربازییەوە بخاتە ڕوو، کاولکاری و جینۆسایدیکی نوێ لە دنیای هاوچەرخدا نمایش دەکات. کە هێندەی لەو ڕێگایەوە ئینسانیەتی ئەم سەردەمە دەخاتە بەردەم ترس و ئابڕووی بی ئابڕووی دیموکراسی بۆرژوازی دەبات، هێندەش شکستی دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتەکانی پشتیوانی، لە ئامانجەکانیاندا دەخاتە ڕوو.

بریار بوو دەوڵەتی ئیسرائیل، حەماس لە بەین ببات و بارمتەکان ئازاد و هەیبەتی تیکشکاوی لە ئاستی ناوچەکەو ناوخۆی ئیسرائیل و دنیادا، بۆخۆی بگێڕێتەوە و بەر بە کاردانەوە و بەرگری خەڵکی فەلەستین بگرێت، کەچی نە حەماس کۆتایی هاتووەو نە بارمتەکان ئازاد بوون، نە هەیبەتی تیکشکاوی ئیسرائیل، ئابروی بۆ گەڕاوەتەوە و نە نیشانەیەک لە پاشەکشەی بەرەنگاری حەقخوازنەی خەڵکی فەلەستین لە مافەکانی دەبینرێت. ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل زیاتر لە هەمیشە لە چاوی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو ئینسان دۆست لەسەراسەری دنیادا، ڕەمزی گورگێکی بریندار و لەدەست دەرچووە، کە پەلاماری وەحشیانە دەدات و هەر ڕۆژێک کورەی ئینسان کوژی گەرم تر دەکات و شێوەی نوێی قەسابی بوونی خۆی دەخاتە ڕوو.

ئەم کوشتار و درندەییەی دەوڵەتی ئیسرائیل، ژینگە و زەمینەی بەیەکدادانەکانی داهاتوو نەخشە ڕێژ و ئاییندەی ململانیی لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامی و قەومی و خەڵکی فەلەستیندا درێژ تر خوێناوی تر دەکات و پرسی چارەسەری کیشەی فەلەستینیش ئاڵۆزتر دەکات.

کیشەی فەلەستین، لە بنەڕەتدا دەرهاویشتەی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و پشت کردنە لە چارەسەری سیاسی و کارساز و تەنانەت گوێنەدانە بەدەیان بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان!! بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە. دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕێگای کوشتار و تیرۆریزمێکی هەوسار پچراوی پشتیوانی کراوی ئەمریکا و غەرب، دەیەوێت خۆی لە چارەسەری کێشەی فەلەستین بدزێتەوە، بەڵام داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەو تیرۆریزمە بی سنور و بەربەری ئاساییە، نەک کیشەی فەولەستین و پرسی چارەسەری ئەم کێشەیەی نەبردۆتە کەنار، بەڵکو پرسی فەلەستین و گرنگی چارەسەری ئەو پرسەی لە هەمیشە زیاتر خستۆتە بەردەم کۆمەڵگەی ئەم سەردەم و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان. حەسەن نەسروڵا و هەنیەو دەیان فەرماندەی تر کوژران، بێ ئەوەی ئاسەوارێک لە پاشەکشەی کیشەی فەلەستین دیار بێت، ئەوە ئەو شکستەیە کە چ ئەمریکا و غەرب و چ دەوڵەتی ئیسرائیل، لەگەڵی بەرەو ڕوون. جیا لەوانە درۆی مافی بەرگری لەخۆکردنی ئیسرائیل، کە ئەمریکا و غەرب لغاویان لەسەری راهاتووە، لە بەرامبەر داگیرکاری بەردەوامی دەوڵەتی ئیسرائیل و تیرۆریزمەکەیدا، نەک بە جێگایەک نەگەیشتووە، بەڵکو بۆتە مایەی ئابڕوچوونێکی گەورە لە ئاستی دنیای ئەم سەردەمەدا و بواریشی کردوتەوە بۆ ئەوەی وڵات و دەوڵەتانی وەکو ئیران هاوشیوکانی بەهرەبەرداری لەم دۆخە بکەن و لە ململانێی فراوانترەکانی خۆیاندا لەگەڵ ئەمریکاو غەرب بەدەستیەوە بگرن.

چینی کریکار و ئینسانیەتی ئازادیخوازی و ئاشتی خوازی دنیا، ئەو هیزەیە کە بە بەرین بوونەوەی نارەزایەتیەکانی و سەراسەری بوون و ریکخراوبوون و فراوان بوونەوەی لە ئاستی دنیادا، دەتوانێت سیناریۆی نەخوازراوی ئیستا بگۆرێت و دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل ببەستێت و ئەمریکا و غەربیش ناچار بکات، پابەندی ئەو ژمارە زۆرە لە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئیمزای خۆیان بن، بۆ چارەسەری کیشەی فەلەستین و دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان، کە ئەمە نەک تەنها چارەسەری کیشەی فەلەستین دەکات، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکیش دەبێت، بۆ گێرانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکەو رۆژهەلاتی ناوەراست.

## درێژەی: کوڕانی ملیۆنێری باوکی هەژاران، گردکە میراتی باوکمانە و هەر کات ویستمان دایدەخەین!

به میرات بەجێماوی باوکیان دەزانن، هەروەک و چۆن سەرجەم سەروەت و میراتە ملیۆنیەکەی بەر لە مردنی خستە سەر کوڕەکانی.

نەوشیروان مستەفا، بە خۆنمایش کردنی وەکو کەسێکی خاکی و تێوە نەگلاو لە گەندەڵی و دزی و تالانی، و دژایەتیکردنی تەوریسی سیاسی، توانی خەڵکێکی زۆر لەکاتی جیابوونەوەی لەیەکێتی و لە پرۆسیسی دامەزراندنی گۆڕاندا لە خۆی کۆبکاتەوە. کەمیش نەبوون ئەو نووسەر و قەڵەم بەدەستانەی هێندەی بۆیان لوا، بە شان و باڵی کاراکتەری نەوشیروان مستەفادا هەڵیاندا و ویستیان نازناوی باوکی هەژارانی بەسەردا ببڕن، و وەکو کاراکتەرێکی دژ بە دەسەڵاتی بنەماڵەیی نیشانی بدەن، بەڵام بەر لە مردنی بەگواستنەوەی سەروەت و سامانە ملیۆنیەکەی و بە تاپۆکردنی گردی زەرگەتە لەسەر کوڕەکانی، هەم خاکی بوون و سادەبوون تێوە نەگلانی خۆی لەدزی و گەندەڵی و هەم وەستانەوەی بەرووی دەسەڵاتی بنەماڵەییدا سفر کردەوە. تەنانەت ئەو کاریزما بوونەی لەناو گۆڕان و بزوتنەوەی کوردایەتیدا هەیبوو، کردە بڵقی سەر ئاو. دوای مردنی نەوشیروان مستەفاش کەم نەبوون ئەوانەی باسیان لە درێژەدان بە ڕیبازی نەوشیروان دەکردو کورەکانیان وەکو "حەسەن و حوسێن"ی کوڕانی "ئیمام عەلی" ستایش دەکرد، کەچی ئێستا خەریکن باجی ئەم کورت بینی و ڕوانینە پێ لەهەوایەیان دەدەن.

داخستنی دەرگای مەکۆی سەرەکی مەکۆی گۆڕان لەلایەن کوڕانی نەوشیروان مستەفاوە، لە لایەکەوە ماهیەتی پوچێ بزوتنەوەی گۆڕان و رەوشتی سیاسی دارزیوی ئەو بزوتنەوەیە لە ناکۆکی سیاسی ناوخۆی دەخاتە روو، لەلایەکی تریشەوە بە هەق ئەوە نیشان دەدات کە گردەکە موڵکی شەرعی بنەماڵەیە... ئەم ڕەفتارەی چیا و نما، ئەوە بەبیر دەخاتەوە، کە کاتێک یەکێتی و نەوشیروان مستەفا، نیگەرانی کار و چالاکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوون، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، بە بڕیاری نەوشیروان مستەفا، بەر لە هێرشی چەکدارانە، ئاو و کارەبا و تەلەفۆنی نووسینگەکانی حزبیان بڕی، کاتێک پرسیار لە نەوشیروان کرا کە بۆ ئاو و کارەبا و تەلەفۆنی نووسینگە و بارەگاکان بڕاوە، بە ڕاشکاوی لە وەڵامدا وتی، ئاو و کارەبا و تەلەفۆنی خۆمانەو نایدەن بەئیوە!!... نەوشیروان و سەرانی تری بزوتنەوەی کوردایەتی کاتێک ئاو کارەبا و خزمەتگوازری بە موڵکی خۆیان بزانن، وەکو چەکیک لەدژی نەیارانیان و بەدەستیەوە بگرن، ئەوەش ئاساییە کە مادام تاپۆی گردەکەیان هەیە، دەرگاکەی دابخەن و بڵێن هێ ئیمەیەو نایدەین بەئێوە. یان هەروەکو چۆن کورانی تاڵەبانی دەزگای چاودیر و بنکەی گەلاوێژیان لە ململانیی خۆیان لە مەلا بەختیار وەرگرتەوە.

بزوتنەوەی گۆڕان و گەیشتنی بەدۆخی ئەمڕۆی لە بنەڕەتدا سیاسییە و ئەم ڕەفتارانەش دەرهاویشتەی ئەو بن بەستە سیاسی و ریکخراوەیەن، کە ریشەی لە بێئاسۆی سیاسی و نەبوونی دیدێکی دیار بۆ داهاتوودا هەیە.. دیارە پرسی رابەری و کاراکتەرێک کە سەرانی کۆبکاتەوە و ببێتە چەسپی راگرتنیان، هۆکارە بۆ قوڵبونەوەی ناکۆکی ناوخۆیی بەدوای مردنی نەوشیروان مستەفاوە.

گۆران بووە بە رابردوو، رابردویەک کە ناتوانرێت بگێردرێتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا بەر لە مردنی هەم وەکو ملیۆنیر مرد و هەمیش ئەلگۆی بنەماڵەیی کردە میراتیکی پیرۆز!!.... بۆ گۆڕانخوازان!!.

**چینی کریکار و مەحرومانی کۆمەڵگە لە بێبەهابوون و پوچ بوونی هەڵبژاردنەکان بەئاگان و بەشداری نەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا و کەم بوونەوەی بەردەوامیشی نیشانەی هەمان ئەو هوشیاری چینایەتییەیە کە هەڵبژاردنەکان تەنها گاڵتەجارییەکی دوبارەن بۆ ئارایشدانەوەی بەش بەشینەی هیزە بۆرژوازییەکان، بەتایبەتیش لەنیوان ئەو لایەنانەدا کە خاوەنی هیزی چەکدارن و قۆرغی داهات و سامانیان کردووە...**




# حیزبی براوە لە هەڵبژاردندا؟!

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

لەهەڵبژاردنی هەر پەرلەمانێکا هەر حیزبێ بیباتەوە مانای ئەوە نییە، ئەوە حیزبێکە لە بەرژوەندی خەڵکدایە. زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی حیزب بیباتەوە وەک ئیمکانیاتی مالی گەورە میدیای زەبەلاح بۆ پروپاگەندە، هەڕەشەی نان برین، هەڕەشەی دەرکردن لەسەرکارو وەزیفە، هەڕەشەی تیرۆرکردن وئەشکەنجەدان، فریودانی خەڵکی، بەڵێنی درۆ، تەزویرکردن، بن دیوار، بوونی هێزی میلیشیای گەورە، سۆزی عەشایری وقەومی و دینی و زۆر هۆکاری تر. ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی بردنەوەی چەندین حیزبی ڕاسیست و فاشیست و تیرۆریست و دژی ئینسانی لە جیهاندا و لە عێراق و کوردستانیش بووەتە هۆی بردنەوەی چەندین حیزب و تاقم و دەستەی قەومی و دینی وکۆنەپەرست و دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی. هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابووردودا نموونەیەکی واقعییە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم لەمەڕ هەڵبژاردنی پەرلەماندا. هیچ کەس نییە نەزانێ ساڵ بەساڵ بارودۆخ وگوزەرانی خەڵک خراپتر بووە. نەتوانراوە کارەباو ئاو بۆ خەڵک دابین بکرێ و مووچە براوەو دزراوە، ژینگە تێکدراوە، نەخۆشخانە ئەهلی جێی نەخۆشخانەی حکومی گرتوەتەوە. بەرپرسە حیزبیەکان و بەتایبەت سەرانی هەردوو بنەماڵە بوونەتە ملیاردێر نەک تەنها خۆیان، بەڵکو کوڕو نەوەکانیشیان. لەو لاوە هەژاری و برسیەتی و نەداری نەخۆشیە کوشندەکان و لەشفرۆشی ژنان زیاد و زیادتر بووە. ئازادی سیاسی و بیروڕا هەر ڕۆژە زیاتر پاشەکشەی پێکراوە. دەیان کەسی وەک نەزیر عومەر، ڕەوف ئاکرەیی، یوسف یوحەنا، فەرهاد فەرەج، بەکر عەلی، شاپور وقابیل، ٥ کادیری کۆمۆنیستی کرێکاری، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، سۆرانی مامەحەمە، عەبدولستار تاهیر شەریف، ویدات حسین، نزیک بەدە کەس لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ لەسلێمانی، جیهان، خواناس، ماریا و دەیان کەسی تر تیرۆر کراون. بەدەیان کەسی وەک کەمال سید قادر و مامۆستا ناڕازییەکان و کەسانی ڕۆژنامەنووس شەقکاری کراون و سەرودەست و قاچیان شکێنراوە. چەندین بارەگای حیزبی و کەناڵێ تەلەفزیۆنی ناڕازی بەدەسەڵات پەلاماردراون و چەندین ڕۆژنامە داخراون، بەدەیان بگرە بەسەدان ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی سیاسی و مەدەنی تۆمەتیان بۆ داتاشراوە و خراونەتە زیندانەوە. هەر ئەو حیزبانە دەسەڵاتی پەرلەمانیان وەرگرتوەتەوە کەدەستی بەعس و تورکیاو ئێرانیان گرتووە شارەکان و گوندەکانیان تەسلیم کردوون. ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمان واقعی بوایەو ڕەئی ڕاستەقینەی خەڵک بوایە نەدەبوو ئەم حیزبانە دەنگی زۆربە بهێنن چونکە سەراپای مێژوویان دژایەتی کردنی خەڵکی کوردستان بووە، بەڵام هۆکاری دەرچوونیان هەر ئەوانەن کە پێشتر ناوم هێنان. سەبارەت بە ئۆپزسیۆنی بۆرژوازی پەرلەمانیش جگە لەدرۆ بەخشینەوە و بەڵێنی درۆ هیچ بەرهەمێکی تریان نەبووە. درۆی وەک چاکسازی و گۆڕانگاری لە ساڵی ٢٠٠٩ وە تائێستایش بەردەوامە ئەمانە نەپێشتر توانیان چاکسازی وگۆڕانکاری بە قازانجی خەڵک ئەنجام بدەن و نە لەداهاتووش دەتوانن ئەم کارە بکەن. ئەم دەسەڵاتە بەهەڵبژاردن نەچاک دەکرێ ونە لە کەنار دەخرێ، چونکە خاوەن بەرژوەندیەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەیە و هەر ئەوانیش لەسەر کورسی دەسەڵات دایانناون، ئەمانە خاوەن سەرمایە و هێزی میلیشیایین هەرخۆیان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرنەوە. ئۆمێد بەئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازیش تەنها لە ئاستی خەو خەیاڵدایە، چونکە ئەوانیش نوێنەری بەشێکی بۆرژوازین. هەڵبژاردن شەرعیەت دانەوەیە بەم دوو حیزبەی دەسەڵات و بۆ دزی وتاڵانی وتیرۆر وکوشتن و هەژاروبرسیکردنی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و مەدەنی. شەرعیەت دانەوەیە بەو دەسەڵاتەی کە کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی وشێخ و عەشایری زیندوو کردووەتەوە بۆ گیانی خەڵکی کوردستان تا تاریکی و نا ئارامی و ژن کوشتن و سووکایەتی بە ژن و باڵاپۆش کردنیان پەرە پێ بدا و تا مەلاو بانگخوازەکان فەتوای کوشتنی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و سیکۆلاریستەکان و بێ دینەکان دەر بکەن. شەرعیەت دانەوەیە بەو دەسەڵاتەی کە هەرێمی کوردستانی کردووە بە مەڵبەندو پایەگای سوپای داگیرکەران و هێزە جاسوسەکانیان بۆ تیرۆرکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و پ ک ک و پەیەدە. کە ڕێگایان داوە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بە ئازادی بەسەر هەرێمدا بێن و بڕۆن و خەڵکی سیڤیل تیرۆر بکەن. بۆ گەڕانەوەی شکۆی تاکی کورد و مافە مرۆیەکانی خەڵکی کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕێگاچارە نییە و ماوەی ٣٢ ساڵە ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە لە کوردستان. هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان لە کوردستان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ژمارەیەکی تر لە کەسانی هەلپەرست و بەرژوەندخوازو خۆپەرست لەوە زیاتر هیچیان لێ سەوز نابێ . تەنها ڕێگا شۆڕش و ڕاپەرینە بۆ ڕامالێنی ئەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و چین وتوێژە بێ بەشەکان، ئەوەش دەسەڵاتی شورایی و خۆبەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆیە کەدەکرێ لەم ڕێگاوە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابین بکرێت. جا ئەم بەدیلە هەرچەندە دووریش بێت، بەڵام تەنها ڕێگایەو هەرگیز پەرلەمانی گاڵتەجار بەدیل نییە و نە ئازادی و نەیەکسانی و نە چاکسازی و نە خزمەتگوزاری ڕیشەیی و پێویست بەهۆی ئەم پەرلەمانەوە ڕوو نادات. پەرلەمان هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی بنەماڵەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە.

# قەیرانی سەرمایەداری و ڕەگ و ڕیشەی فاشیزم لە ئیتاڵیای ساڵەکانی ١٩١٩ - ١٩٢٢



فاشیزم وەک بزووتنەوەیەکی دژە شۆڕش لە ئیتاڵیا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە سەرکردایەتی موسۆلینی دەستی پێکرد.

فاشیزم لەناو قەیرانی کۆمەڵایەتی و هەڕەشەی شۆڕش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەدایک بوو.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٠، ئیتاڵیا شەپۆلێکی ناڕەزایی و مانگرتن و ململانێی چینی کرێکاری بەخۆوە بینی کە بە "Biennio Rosso"یاخود دوو ساڵی سوور ناسراوە.

جەنگی جیهانی یەکەم کاریگەریی وێرانکەری لەسەر ئیتاڵیا هەبوو. کەمیی خۆراک و گرانی و هەڵاوسان ئاستی ژیانی خەڵکی خراپ کردبوو - بۆ نموونە بەهای لیرەی ئیتاڵی لە ساڵی ١٩٢٠ تەنها چارەکێکی بەهای ساڵی ١٩١٤ بوو.

لە ساڵی 1920 دا 16000 ڕۆژ مانگرتن هەبوو و نزیکەی یەک ملیۆن کرێکاری کشتوکاڵی مانیان گرت. تەنها لە میلان کرێکاران 280 کارگەیان داگیر کرد و هەوڵیان دا کۆنتڕۆڵیان دەست بەسەردا بگرن.

لە ساڵی ١٩٢٠دا ١٦٠٠٠ ڕۆژ مانگرتن تۆمار کراوە و زیاتر لە یەک ملیۆن کرێکار لە کەرتەکانی کشتوکاڵدا مانگرتنیان گرتبوو. تەنها کرێکاران لە میلانۆ ٢٨٠ کارگەیان داگیرکردبوو و هەوڵیان داوە بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

خەبات و پێشڕەوی کرێکاران مەترسییەکی قووڵیان بۆ چینی دەسەڵاتداری ئیتالیا دروست کردبوو. خاوەنکارەکان زۆر ترسابون کاتێک کرێکاران دەستیان بەسەر کارگەکاندا گرتبوو وە شواری کارگەیان لە شارە پیشەسازییەکانی باکووری تۆرین و میلانۆ دامەزراندبوو.

کرێکاران ئیلهامیان لە سۆڤێتاتی شورەویەوە وەرگرتبوو- شورای کرێکاران - کە لە شۆڕشی ڕووسیای ساڵی ١٩١٧دا دەسەڵاتیان گرتبووە دەست.

بەڵام شکستی کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا لە پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ شۆڕش لێکەوتەی کارەساتباری هەبوو.

لەم چوارچێوەیەدا بێنیتۆ مۆسۆلینی و پارتی فاشیستی نیشتمانی (NFP)وەک بزووتنەوەیەکی دژە کرێکار و شۆڕش گەشەیان کرد. NFPهەوڵیدا بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ تێکشکاندنی ڕێکخستنەکانی چینی کرێکار بنیات بنێت.

ئەوە بوو چەکدارانی NFPهێرشیان کردە سەر ئۆفیسی ڕۆژنامەی سۆشیالیستی ئاڤانتی! لە میلانۆ لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٩ و بەهۆیەوە چوار کەس کوژران.

بە بینینی سوودی بزووتنەوەیەکی لەو شێوەیە، باڵێکی چینی سەرمایەدار خێرا پشتیوانیان لە مۆسۆلینی و فاشیستەکان کرد. دەوڵەت هاوسۆزی NFPبوو لەبەر ئەوەی کرێکارانی ڕێکخراو بوون.

چەکدارە فاشیستەکان - سکوادریزم - سەرمایەیەکی سەرەکی بوون بۆ مۆسۆلینی.

فاشیزم پشتی بە چینی ناوەند بەستبوو وە هەروەها بەشێک لە کرێکاران و جوتیاران و بێکارانیشی ڕاکیشابوو. هەروەها فاشیزم لە باڵێکی چینی سەرمایەداریش پشتیوانی وەرگرتبوو. لە کاتی قەیراندا، سەرمایەداری پەنا بۆ فاشیزم دەبات بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی و بۆ پارێزگاری سیستمەکە.

لە ساڵی ١٩٢٢دا ٢٠ هەزار چەکداری فاشیست بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ شاری بۆلۆنیایان داگیرکرد کە پێشتر شوێنی گەرمی خەباتی کرێکاران بوو. لە ١ی ئابی ١٩٢٢دا بانگەوازی مانگرتنی گشتی کرا، بەڵام فاشیستەکان بە توندوتیژی مانگرتنەکەیان تێکشکاند و هێرشیان کردە سەر لقەکانی سەندیکاکان لە سەرانسەری ئیتاڵیا.

دوای ڕێپێوانی ڕۆما لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ مۆسۆلینی دەستنیشانکرا وەک سەرۆکوەزیران؛ مۆسۆلینی خێرا سوێندی یاسایی خوارد. سەرهەڵدانی مۆسۆلینی و دەست بەکاربوونی وەک سەرۆکوەزیران لە پرۆسەیەکدا ئەنجامدرا و ئەوە نیشان دەدات کە ڕەگ و ڕیشەی فاشیزم لە قەیرانی سەرمایەداری و شکستپێهێنانی شۆڕش و تێکشکاندنی خەبات و ڕێکخستنەکانی کرێکاراندایە.

لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی

**توانا محەممەد نوری**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

**bopeshawa@gmail.com**

# پرسی ڕۆژ

## کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی

## ژمارەیەک لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان، سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...

## پرسی ڕۆژ: هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق

**لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس وهاتنە سەرکاری دەسەڵاتی قەومی تایەفی ودینی لەعێراق، چەند جارێك هەوڵدراوە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ وبەتایبەت برگەکانی تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری کچان وتەڵاق ومیرات ونەفەقە هەمووار بکرێتەوە. جارێك بەناوی جێگرتنەوەی شەریعە بۆئەو یاسایە وجارێکی تر بەناوی یاسای جەعفەری لە ٢٠٠٣ەوە حزبە ئیسلامیەکان وبەتایبەت باڵی شیعە دەستپێشخەریانکرددوە. ئەوا جارێکی دیکە لەهەوڵێکی دیکەدا بۆبنیاتنانی دەوڵەتی شیعی لەڕێگەی گۆڕین وهەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق هەنگاوی یەکەمیان ئەوەبوو لە ٥ی ئابی ئەم ساڵدا هەموارکردنەوەکە لەلایەن پەرلەمانتار رائد المالكی (چوارچێوەی هاوئاهەنگی)یەوە پێشنیارکرا وخوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا.**

**بەپێی پسپۆریەکەتان لە کارو ژیانی خۆتان، ئەم هەموارکردنەوەیە چ کاریگەریەکی ئەبێت بەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و بەسەر تاکی کۆمەڵگە بەتایبەت و بۆ نەوەی داهاتوو**



**ڕێواس ئەحمەد بانیخێڵانی: نووسەر**

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، کاتێ یاسا هەموار دەکرێتەوە پشت بە گەلێ بنەما دەبەستێ، هۆکاری هەموارکردنەوەی یاسا گونجاندنی یاسایە بۆ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی، و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگە و هەموو سێکتەرەکانی ڕوویانداوە. ئەوەی چاوەڕوانکراوە یاساکان بۆ چەسپاندنی یەکسانی و جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤە، و لە ئەنجامدا بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرە.

هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ کە لە ساڵی ١٩٥٩ و بەشی پێنجەم و کۆتایی چەند ئاڕاستە و خاڵێکی مەترسیداری تێدایە. کە پێچەوانەی داخوازی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە مافەکانی مرۆڤی تێدا دەستەبەرکرابێت. مەترسی هەموارکردنەوەی هەموو ئەو بەشانە پێشێلکردنی مافەکانی منداڵ و ژنە، نەک تەنیا کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری بەهێز دەکەن، بەڵکو بەرەو جەنگەڵستانی سەدەکانی ناوەڕاستمان دەبات کە ژن و منداڵ کوێلەی پیاو بن. هەموارکردن و بڕیاردانی جێبەجێکردنی ئەم بەشانەی یاساکە تەواو پێچەوانەی ڕەوتی پێشکەوتن و ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بزووتنەوەی جەماوەر و هێزە چەپە مرۆڤدۆستەکان دەیان ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. لێرەدا بەکورتی دەمەوێت باسی مەترسییەکانی ئەو بەشانە بکەم نەک تەنیا لەسەر منداڵ و ژن؛ بەڵکو لەسەر تەواوی کۆمەڵگە. ١-ڕێگەدان بە بەشوودانی منداڵی تەمەن نۆ ساڵ؛ واتە ئەو کچە قوتابییەی لە پۆلی سێی سەرەتاییە. ئەمە خۆی لە خۆیدا پێچەوانەی مافەکانی منداڵن. منداڵ لەو تەمەنە دەبێت منداڵی خۆی بژی، بخوێنێ، یاری بکات، بە پرۆسەیەکی سروشتی گەشە بکات، هەست بەگۆڕانکاری ئەندامانی لەشی بکات. هەستەکان و هزری هاوسەنگ پەرە بسێنن. بەم هاوسەرگیرییە هەموو ئەم خەون و ژیانە ئاساییە لە منداڵ زەوت دەکەیت. لە وڵاتانێک کە مافەکانی مرۆڤ و منداڵی تێدا چەسپاوە، سێکسکردن لەگەڵ منداڵدا تاوانە لە ڕووی یاساییەوە سزادەدرێن. بیهێنە پێش چاوی خۆت قوتابییەکی پۆلی سێ بدرێت بە شوو، هێشتا تەواو جەستەی خۆی ناناسێ و پرۆسەی سێکسی نێوان پیاو و ژن نامۆیە بۆی. لەوانەشە بدرێت بە پیاوێک کە بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی گەورەتر بێت، یان لەوانەیە چەند منداڵێکی هەبێت لە کچە نۆ ساڵەکە گەورەتر بێت. جا نازانم چ ویژدانێک ئەمەی پێ قبوڵە! چ پیاوێکی نەخۆش لە ڕووی دەروونییەوە دەتوانێ سێکس لەگەڵ منداڵێکی نۆ ساڵ بکات! لەم بەشوودانەش لەم تەمەنەدا منداڵ بێبەشدەکات لە خوێندن و دابینکردنی داهاتووی خۆی. هەر لەو تەمەنە بچووکەوە دەخرێتە بەر بەرپرسیارێتی ڕاگرتنی مێرد و ماڵ بەڕێوەبردن و لەچوارچێوەی دیواردا زیندانی دەکرێت. لێرەدا پرسیارێک ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئایا حکومەتی عێراق لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرپرسیارنییە لە جێبەجێنەکردنی بەیاننامەی مافەکانی منداڵ کە لە ساڵی ١٩٨٩ دەرچوو،؟ عێراقیش یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە واژووی کرد. ئایا ئەم هەموارکردنە دژی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی١٩٦ نییە؟ چونکە ئەم بەشوودانە بە توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی دادەنرێت بۆ منداڵانی خوار هەژدە ساڵ. ٢- لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد، منداڵ لای باوک دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا لەهەموو یاساکانی وڵاتاندا تا تەمەنی ١٣ ساڵ منداڵ لای دایک دەمێنێتەوە، تەنیا لە کاتێکدا گەر دایکەکە نەیەوێ منداڵەکان لای خۆی بمێنێتەوە. پاش ئەو تەمەنە منداڵ خۆی بڕیار دەدات لای کامیان بمێنێتەوە و بژی. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی باوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد، پیاوەکە ئاسانتر و زووتر دەتوانێت ژنێکی تر بێنێت، لەم حاڵەتەدا منداڵەکان دەکەونە بەر ڕەحمەتی باوەژن و چەندان چیرۆکی پڕ ئازارمان بیستووە لەسەر ئەو منداڵانەی کە دەکەونە لای باوەژن. بەڵام لە حاڵەتێکدا دایکەکە شوو بکاتەوە؟ زیاتر ئاگای لە منداڵەکەی خۆی دەبێت و دەیان چیرۆکیشمان لایە کە دایکان قوربانیان بە خۆیان داوە لە پێناو پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. ٣- لە کاتی جیابوونەوە پیاو هیچ نەفەقەیەک، پێشەکی و پاشەکی نادات بە ئەو ژنەی لێی جیابووەتەوە. دیسانەوە لێرەوە مافەکانی ژن پێشێل دەکرێت. بە تایبەتی گەر بێتو ئەو ژنە کار نەکات و نەتوانێ بژێوی ژیانی خۆی مسۆگەر بکات. جا لەم حاڵەتەدا ژنان ناچاردەکرێت هەموو توندوتیژی و زوڵمێکی پیاو قبوڵ بکەن، ببنە کویلەی پیاو، چونکە پاش جیابوونەوە ناتوانن ژیانێکی شایستە بژین. ٤- لە کاتی مردنی مێردا ژن هیچ میراتێکی بەرناکەوێت، لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو ژنە هاوشانی مێردەکەی کاری کردبێت و سەروەت و سامانی خێزانەکەیان پێکەوە نابێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ژن بەبێ پیاو هیچ وجودێکی نییە و دووریش نییە پاش ئەمە یاسایەک دانێن وەک هەندێ لە عەشیرەتەکان لەکاتی مردنی پیاودا ژنەکەشیان زیندەبەچاڵ دەکرد. ئا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەمانە دەیانەوێت کۆمەڵگە بەرەو چ هەڵدێرێک ببەن وچۆن لە ڕێگەی یاساکانەوە بە خشپە بمانگەڕێننەوە بۆ سەردەمی تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت پێشتریش. ٥- بەبێ گەڕانەوە بۆ مەحکەمە، لەلای شێخ و مەلاکان مارەبڕین بە شەرعی حیساب دەکرێت! لێرەدا ڕێگە بە چەند ژنی دەدرێت و یاساکان ڕۆڵیان نامێنێت، و سەروەرنابن ئەو کات کۆمەڵگەیەکی بێ یاسا و ڕێسا دەبین و مافەکانی مرۆڤ بە تەواوەتی پێشێل دەکرێت. شێخ وکۆلکە مەلاکان دەسەڵاتی تەواویان دەبێت و مارەکردن دەبێت بە بزنس بۆیان، بێڕەچاوکردنی بەها مرۆییەکان. ئەوەی مەبەستی سەرەکی و چەقی ئەم هەموارکردنەوانەیە؛ پێشێلکردنی مافەکانی منداڵ و ژنە و هەردووکیان بێ ڕەچاوکردنی بەها مرۆییەکان دەبنە فاکتەری سێکسی بۆ تێرکردنی غەریزەی برسی سێکسی پیاوەکان. چەسپاندنی کۆیلایەتی ژن و منداڵە بۆ پیاو، وەک چۆن لەسەردەمی کۆیلایەتی پیاو سەر بە هەر چین و توێژێک بووایە، مافی بەکارهێنانی توندوتیژی تا ڕادەی کوشتنی هەبوو. بۆیە هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ تێکدانی شیرازەی خێزان و هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵ چ لە خێزان و چ لە قوتابخانە. بۆیە ئەوەی تۆزقاڵێک هەستی مرۆیی تیدابێت دەبێت دژ بەم هەمواکردنەوەیە بێت و خەڵکان لە مەترسی ئەم هەنگاوە هۆشیاربکەنەوە.



**ئاڵا فەرەج: چالاک لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، و لێپرسراوی ڕێکخراوی ژنانی عێراقی لە فنلاند**

ئەم هەموارکردنەوەیە واتای گەڕانەوەی کۆمەلگە بۆ ئاستێک کە کوشتنی تواناو ئیرادەی تاکەکانی تیا ئەبینرێتەوە، وماف وئازادی تاک لەم یاسایەدا بە تایبەتی ماف وئازادی کچان و لاوان لێرەدا سفرە، هەوڵدانە بۆ دانانی گەورەترین قڵشت و جیاکاری لە نێوان ژن و پیاو هەروەها دەستی بازرگانەکان و سەرمایەداران ومەلا و عەمامە بەسەرەکان ئاوەڵا ئەکات بۆ مامەلەکردن بە لاشەی ناسکی منالانەوە و رەسمیەت ئەدات بە پلە دوویی ژنان، و مافی هاوسەرگیری وجیابوونەوە وتەلاق ئەدرێتە دەستی پیاوان، و هیچ حسابێک بۆ ژنان ناکات. ئەم یاسایە بە مانای پەلکێشکرنی کچان و منالانە بۆ بازاڕی لەشفرۆشی، چونکە ئەم پێشنیارە عمومی کردنەوەو بە رەسمی ناسینی شێوەکانی دیکەی هاوسەرگیریە لەدەرەوەی یاسا، وەک مسیار وسیغە و نکاح و متعە و باقی شیوازەکانی تری هاوسەرگیری شەریعەتی ئیسلام لەمەزهەب و(باڵە جیاوازەکانی) هەروەها بێمافیکردنی دایک و منالە لە خۆشەویستی و سۆزیان بۆ یەکتر، و چەند ژنەش ئاسایی ئەکاتەوە.

بەرای من؛ ئەم هەموارکردنەوەیە ئەوەندە ترسناکە بۆ نەوەکانی داهاتوو! بەجۆرێک ئەگەر ئەم یاسایە جێبەجێبکرێت؟ لەوانەیە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە یاسای یەکسانیان لە لا نامو بێت! کە ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێکە ئەبێت ڕێگای لێ بگیرێت.

**عەبدولکەریم سەرکەش: هونەرمەندی فۆتۆگرافەر.**



یاسای باری کەسی!! بە پێی ئەزموونی تەمەن و خوێندنەوە و ئاستی تێگەیشتنم. یاسای باری کەسی زۆر بە گرینگ دەبینم. لە هەر وڵاتێک و هەر سیستیمێکی بەڕێوەبردنی وڵات یاسای باری کەسی لە ژێر کاریگەری ئایین□ مەزهەب□ داب و نەریتی کۆمەلایەتی خێڵ و گرووپی داخراو□ دەقە کۆنە پیرۆزکراوەکاندا بوو؟ ئەوا بێ سێ و دوو یاسایەکی نا یەکسان و پڕ لە سووکایەتی پێکردن دەبێ بە کەسایەتی ژن بە پلەی یەک. ئەوەی تراژیدیە لە کۆمەڵگەی عێراق و

کوردستانی بە زۆر لکێنراو بە پاشکۆی سیستەمی مەزهەبی شیعەگەری عێراقی تا ئاستی لەشفرۆشی شەرعی و دەستدرێژی شەرعی و یاسایی بۆ سەر کچۆڵانی ژێر تەمەنی ١٨ساڵ و ژنان بە گشتی شۆڕبۆتەوە.

ئەم عەقڵیەتە پووڕتوکاوە کۆنەپەرستانەیە بە پێی دەقە پیرۆزە ئایینی و مەزهەبییەکەیان ژن وا دەبینن کە لە پەراسووی ئادەم ی نێر پەیدا بووە بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی نێرەوزی□ وەک کاڵایەکی هەرزان بەها□ ئەمە نەک هەر لەو ئاستە ناوەستێ کە ڕێپێدراوە هەر نێرێک چوار مێ مارەکات؟ بەڵکە ڕێپێدراوە دەستدرێژی یاسایی و شەرعی سێکس بکاتە سەر کچۆڵەی نۆ ساڵانیش! ئەمە لە خۆڕا نییە لە دەقە پیرۆزەکەیان هاتووە کە لە ڕۆژی دوایی و ڕابوونیش لە بە هەشتە خەیاڵییەکەیان (حور و غلمان) ژنی ڕووت و نێرینەی موو تووک لێنەهاتوو تەرخان کراوە! تا ئەم ئەقڵ لە ناو گەلانە تێر ببن لە سێکس!!

ئیتر دەبێ چاوەڕێی چیمان لە یاسایەکی باری کەسی بێت کە ئەم مێشک بۆگەنانە هەمواری بکەنەوە، ئەرێ ئەمە هەمووارکردنە یان وێرانکردن و تێک و پێکدان!

## نازەنین ساڵح هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان...



هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ کە دەقەکەی ئەوەیە کە تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بە ١٨ ساڵ دیاری کراوە، بەڵام لە پێشنیاری هەموارکردنەوەکەدا دەیەوێت تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بۆ کچان بکات بە ٩ ساڵ.

ئەمە پێشنیارێکی زۆر کۆنەپەرست و دژە ژن و دژە منداڵان و دژە ئینسانییە وە هەوڵێکە بۆ بە ئیسلامیکردنی دەسەڵات لە عێراق، ئەمە بێ ڕێزیکردنە بە ماف و خواستەکانی ژنان، شەرعیەت دانە بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان و لێسەندنەوەی مافی منداڵی و گەشەسەندن. ئەگەر ئەم گۆڕانە سەربگرێ و پیادە بکرێت کچان لە دەورانی منداڵی بێبەش دەبن و منداڵانیش لە دایک بێبەش دەبن. کچی نۆ ساڵ بەرگەی زەواج و دەستدرێژی سیکیسی و سکپربون و ژانی مندالبون ناگرێت و ناشتوانی دایکایەتی بۆ منداڵێک بکات کە خۆی نۆ ساڵ لە کۆرپەکەی گەورەترە.

لە کۆمەڵگەیەکدا کە مافی مرۆڤ و مافی منداڵ و مافی ژن مانای هەبێت ئەمە و هەرجۆرە پەیوەندیەکی سێکسی گەورە ساڵ لەگەڵ کچانی ئەو تەمەنە بەتاوان و دەستدرێژی سیکسی هەژمار دەکرێت. ئەمە پێویستی بەوەیە کە لەلایەن هەمو هاوڵاتیەک کە تۆزقالیک ڕێز بۆ مافی ژن و منداڵ دادەنێت بە توندی بەرپەرچ بدرێتەوە. بە تایبەتی ژنان و ڕێکخراوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان لەسەریانە هەموو هەوڵێک بۆ ناکام کردنەوەی بدەن. شیعەکان بە خەونی بەرپاکردنی ڕژێمێکی ئیسلامی لە عیراق ئەم پرۆژەیەیان هێناوە و کێشەکە ئەوەیە لایەنەکانی تریش لە جیاتی ئەوەی زەرەیەک بەرپرسیاریتی لە خۆیان نیشان بدەن، خۆیان ئامادە کردوە بە ئیتفاقی سیاسی نانیک لەمە بخۆن.

## ئینتیسار الخەفاجی: سکرتێری گشتی جێبەجێکاری یەکێتی گشتی نەقابەکانی کرێکاران لە عێراق



دەبێ بەوە دەستپێبکەین کە یاسای باری کەسێتی چییە؟ یاسای باری کەسێتی؛ بریتیە لەکۆمەڵێک لەرێسا ویاسا وبەندێک کە کاروباری خێزان وەک (هاوسەرگیری، جیابوونەوە (تەڵاق)، دایەنگە، میرات ونەفەقە، وەستیەت ...تاد. ڕێکدەخات.

یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، ئەو سیستەمی یاسایی (فقە) ڕێککەوتنەیە کە لەهەموو مەزهەبەکانەوە باشترین حوکم و بەند و پابەندبوونەکانی بۆ داڕشتنی ئەم یاسایە گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی خێزان ومنداڵ، ولەئەنجامدا پاراستنی کۆمەڵگە، وماف وئەرکەکان لەچوارچێوەیەکدا دادەڕێژێت. هەندێک تایبەتمەندی هەیە، ولەیاسایە سەرەکیەکانە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەجۆرێک کەزوربەی وڵاتانی دراوسێ لەداڕشتنی یاساکانیاندا سودیان لەیاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ وەرگرتووە. ئێمە داوای هەموارکردنەوەی هەندێک بەند وحوکمی یاسایی ئەو یاسایە دەکەین، چونکە لەساڵی ١٩٥٩ وە دەرچووە، وکاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووە، ئەوەش دەزانین حوکمە یاساییەکان سەرچاوەیان لەنۆرم ورەفتار وسروشتی کۆمەڵگە وەرگرتووە، کاتێک ئەو رەفتارانە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، پێویست دەکات یاساکانیش بەجۆرێک هەمواربکرێنەوە کەلەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بگونجێت، چونکە ماددە یاساییەکە لە شەریعە و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتی ویاسای وڵاتانی دراوسێ کەلەگەڵ کۆمەڵگەی عێراقیدا بەپێی هەلومەرجەکانی لەیەکچوون. بەڵام ئەمڕۆ یاسایەکی تازەیان بەسەردا سەپاندووین کە سنووریان بۆرەفتارە تازەکانمان داناوە تا شوێنی کەوین. ئەمەش جیاوازی وکوفرێکە لەبنەمای یاسادا، واتە دەبێ هەموو لایەنەکانی دەوروبەری ئەم یاسایە بخەیتە ڕوو بۆئەوەی بتوانیت راوەستاوبیت بۆبەدەستهێنانی مافەکان وپابەندبوون پێوەی بۆماوەیەکی هەرچی زۆرتر کەلەتوانادا بێت، ئەمە ئەو سەلماندنە بوو

کەیاسای باری کەسێتی لەساڵی ١٩٥٩ ەوە سەلماندوویەتی. ئەم هەموارکردنەوەیە لەئەنجامی ململانێ یان پێکدادان وبەریەککەوتنی نێوان بزووتنەوە سیاسیەکانەوە هاتۆتە گۆڕێ، واتە ململانێی نێوان بیری پێشکەوتوخواز ودواکەوتوو، وهێرش بۆسەر ئەو شتەجوانانەی کەلەکۆمەڵگەی عێراقیدا ماوە. هەموارکردنەوەکە لەسەر شێوەی دوو تێکستی مەزهەبی ( فقهی جەعفەری وفقهی حەنەفی)، بەواتای بوونی ٣ یاسا (یاسای باری کەسێتی، ویاسای فقهی جەعفەری ویاسای فقهی حەنەفی) هەربەتەنیا بڵاوکردنەوە ودەرکردنی ئەم دووتێکستە؟ کەواتە بەتێپەڕکردنی ئەو هەموارکردنەوەیە لەپەرلەمانی عێراق، بەناراستەوخۆ یاسای باری کەسێتی رەتدەکرێتەوە. دەستوور بەرزترین ئاستی هەیە لەچاو یاسا کەلەخوارترە، ونابێت دژایەتی یان لەگەڵ دەستور یەکتر بڕبن. ئەم یاسا پێشنیارکراوە زۆر لەبەند وتێکستی تێدایە کە ناکۆک ودژە لەگەڵ دەستوور، چونکە ناکۆکە لەگەڵ حوکمەکانی ماددەی لەدەستوور کە دەڵێ "هاوڵاتی عێراقی یەکسانن لەبەردەم یاسا بەبێ هیچ جیاکاریەکی جنسی یان نەتەوەیی یان رەگەزی یان هەر رەنگ وبنەچەیەک وئایین ومەزهەب وباوەر یان هەلومەرجی ئابووری وکۆمەلایەتی هەبێت" هەروەها ناکۆکە لەگەڵ ماددەی ٤١ کە دەڵێ" هاوڵاتی عێراقی سەربەستە لەپابەندبوون بەباری کەسێتی خۆیان بەپێی ئایین ومەزهەب وبیروباوەڕێک یان هەڵبژاردەکانیان، وبەپێی یاسا ڕێکدەخرێت" بەپشتبەستن بەم دوو ماددەیە هاتوون ئەم هەموارکردنەوەیان دەرکردوە، گوایە سەربەستن بەپێی ئەم ماددەیە، بەڵام ئەم ماددەیە بەبڕیارێکی دادگای ئیتیحادی بەیەکێک لەو ماددانە دادەندرێت کە خلافی لەسەر هەیە، وناتواندرێت پشتی پێببەستترێت. ئێمە وەک ژنان وئەندامی نەقابە ونوێنەری ژنان؛ بێدەنگ نابین لەئاست داواکاری ومافەکانی ژنان و ئەو مافانەی بەخەبات بەدەستمان هێناون. تەنانەت ئەگەر ئەو هەموارکردنەوەیەش تێپەڕکەن لەپەرلەمانی عیراقیدا، ئێمە بەپێی یاسا وبەندەکانی دەستوور دژی دەوەستینەوە. چونکە دەستوور لەسەرەوەی یاساکانە، هیچ یاسایەک نابێت ناکۆک ودژایەتی هەبێت لەگەڵ بەندەکانی دەستووردا، کەدیارە ئەم یاسایە ناکۆکی زۆری تێدایە لەگەڵ دەستور.

## بەیان ناسیح: چالاکوانی ژن و توێژەری کۆمەڵایەتی



دەستدرێژی جنسی بۆ سەر منداڵ یان چی؟

پیاوانی ئایینی و کۆنەپارێزی ناو پەرلەمانی عێراق لەئێستادا خەریکی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ن. ئەو یاسایەی ٦٥ ساڵ بەر لەئێستا لەبڕگەیەکیدا، ئەگەر وەکو سیمبولیش بێت تەمەنی ١٨ ساڵی بۆ هاوسەرگیری نێوان کوڕو کچ دیاری کردووە. تا کاتی ڕووخانی ڕژێمی دکتاتۆری بەعس یاساکە نۆ جار هەموار کراوەتەوە. ساڵی ١٩٨٧ تەمەنی بەشوودانی کچ وەکو ١٨ مایەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی خرایە سەر کە لە ١٥ ساڵیدا ڕێگە بەمارەکردنی دەدرێت بەمەرجێ رازەمەندی (وەلی ئەمر) و قازی لەسەر بێت. لەڕاستیدا بەشوودانی منداڵ لەهەموو شوێنێکی عێراق و کوردستانیش سەرەڕای بوونی ئەو یاسا شارستانیە هەمیشە بەڕێوەچووە بەتایبەتی لەناو خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکاندا، ئاین و داب و نەرێتە کۆمەڵایەتیەکان و نەخوێندەواری رۆڵی گەورەیان بینیوە بۆ بەردەوامی و ئاسایی کردنەوەی منداڵ بەشوودان. بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی یونیسێف ٢٨٪ ی کچان پێش تەمەنی ١٨ بەشوودراون لەعێراقدا. زانیارەیەکانی تر پێمان دەڵێن منداڵ بەشوودان بەشێوەیەکی گشتی کێشەیەکی جیهانییە لەزۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا، پیاوێکی گەورە منداڵێکی هێناوە، نەک ئەوەی دوو منداڵ بەشوو درابن بەیەکتر. منداڵ منداڵە لە هەرشوێنێکی دنیادا بێت، بۆیە ئەرکی ئەخلاقی هەر یەکێ لە ئێمەیە کە بێدەنگ نەبین لەبەرامبەر ئەو تاوانەی وا خەریکە بەیاسایی دەکەن. لەزۆر شوێنی دنیادا منداڵ بەشوودان بەتاوان چاو لێدەکرێت یاسای تایبەتی هەیە بۆ پاراستنیان، کەچی پەرلەمانەکەی عێراق لە ٢٠٢٤ دەیەوێت یاسایەک هەموار بکاتەوە تا کچی نۆساڵیش ڕوونەڕووی ئەو تاوانە ببنەوە. چ مەهزەلەو شەرمەزارییەکە! هەر ئەوەی جورئەت دەکرێت باسی کچی نۆ ساڵە بکرێت بۆ خۆی تاوانێکی گەورەیە و بەزاندنی هەموو سنوورەکانە. ئەوانەی لەپشتی ئەم پرۆژەیەدان بەهەر پێوانەیەک بێت دەبێت بخرێنە ژێر پرسیارەوە. لەکاتێکدا هاوڵاتی عێراقی لەناو زەلکاوی گەندەڵی و بێمافیدا نقووم بووە، کێشەکانی ئابوری و سیاسی کۆمەڵایەتی تا دێت گەورەتر دەبنەوە. پەرلەمانێ کە ١٠مانگە نەیتوانیوە سەرۆک پەرلەمان هەڵبژێرێ لەبەر ناکۆکیە سیاسییەکانی ناوخۆیان. کەچی هەموو توانای خۆی خستۆتە گەڕ بۆ هەموارکردنەوەی یاسایەک؛ کە منداڵ لەهەموو مافەکانی منداڵی خۆی رووتدەکاتەوە. ئەم کارە دوژمنکاری تەواوی ڕەگەزی ژنە لەهەموو تەمەنەکاندا. لێسەندنەوەی ئەو تۆزە مافە یاساییەی کە هەیەتی لەئێستادا. مەترسی گەورە بۆ سەر هەموو گۆمەڵگە و کەسانی یەکسانیخواز دروست دەکات. کۆمەڵگە فڕێدەداتە بازنەیەکی داخراوەوە. سیستەمی کۆیلەتی دروستدەکاتەوە و ژن و منداڵ دەکاتە موڵکی موتڵەقی پیاو. لەبیرمان نەچێت ئەوان دەتوانن بەئارەزووی پیاو سالاری خۆیان کەهەندێ لەژنانیش لەپشتی ئەوان وەستاون یاسا بگۆڕن و داڕێژن، بەڵام لەبەرامبەردا هەرگیز ناتوانن دەنگی ناڕازی ژنان و ئازادیخوازان کپبکەنەوە. بینیمان چۆن لەدوای خوێندنەوەی یەکەمی یاساکە (لە٤ ی ئابی ٢٠٢٤) ژنانی چالاکوان تەنانەت لەناوەڕاستی شاری نەجەفدا جورئەتیان کرد وخۆپیشاندان ئەنجام بدەن لەدژی ئەو پرۆژەیە. تەنها ڕێگایەک بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر ئەم هەوڵەیان بەردەوام بوونمانە لەخەبات و چڕکردنەوەی کارەکان لەناو ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازادا لەدژی هەڵاواردنی ڕەگەزی، پاراستنی مافی منداڵ و رەوای کۆمەڵایەتی. دروشمی ژن ژیان ئازادی، لەعێراق و کوردستان و دنیا کۆمان دەکاتەوە و بەردەوام دەبین لەنارەزایەتی و پێشگرتن بەو شەڕەی لەبەرامبەر ڕەگەزی ژندا دەکرێت.

*****************

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# یادەوەریی و کەسایەتی سروشت

نووسینی: هاوڕێ نەهرۆ

وەک ئاشکرایە ڕەگی یادەوەریی مرۆڤ لە نێو سروشت و گەردوونە، لەبەر ئەوەی سەرەتا سروشت دروست بووە، ئەوجا بە پێ (تسلسل) دارو درەخت و باڵندە و ئاژەڵ و گیانلەبەرانی دی، لەڕاستی دا سروشت کەسایەتی یی هەیە، یادەوەریی هەیە، بە سەدان و هەزارەها پروسەی گۆڕانکاری تیا روو ئەدەن، سروشت بە پێ ساڵەکان بە پێ گورانکاری دیاردە فیزیاویەکان دەگۆڕێ، تەنانەت بوونی شكڵ وشێوەی جۆراوجۆر لە شێوەو ئاکاری مرۆڤ، ئەوە سروشتە ئەو وێنانەی فرێ داوەتە دەرەوە، بۆ نموونە ئەوە سروشت و جوگرافیای سروشتە مروڤی ئەفریقی یی خوڵقاندووە، بە هەمان شێوە ئەوە سروشتە مروڤی ئاسیایی و ئەوروپی و ئەمریکی ئەفراندووە، مرۆڤەکانی هەر کێشوەرێک هەڵگری سیمای تایبەتی سروشت و ئەتموسفیرو ژینگەی تایبەتی خویانن، سروشت و گەردوون کروموسوماتی خۆیان هەیە، ژمارەی دیاریکراوی کروموسوماتی خۆیان هەن بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کوپی کراوە لە ژمارەی کروموسوماتی ئاژەڵ و مرۆڤەکان، فاکتەری بۆ ماوەیی فاکتەرێکە وێنەکەی بەدرێژایی مێژوو ڕەگی لە نێو سروشت و گەردوون داکوتاوە هەروا یادەوەریی و کەسایەتی جوراجۆری مرۆڤەکان، بۆ نموونە کەسایەتی مرۆڤ بە پێ بۆچوونی کۆنی کریگ بەسەر چوار ڕەگەز Elementسروشت دابەشی کردووە ئەوانیش ئاگری و خاکی و هەوایی و ئاوین، بە پێ بۆچوونی ئاینەکان ئادەم لە قوڕ دروست کراوە هەروا شەیتان لە ئاگر دروست کراوە، خوا فووی لە ئادەم کردووە، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاینەکان دانیان بەودا ناوە، چوار ڕەگەزی سروشت بەشدارە لە پێکهاتەی دروست بوونی ئینسان، تەنانەت شارلز داروین ئەڵقەی مێژووی گواستنەوەی نێوان ئاژەڵ و ئینسانی دوزییەوە کە بنەچەی ئینسان ئاژەڵە، ئەمەش ڕێ تێ ئەچێ، بەپێ تابلۆیەکی ماتماتیکی سروشت گیانلەبەرەکانی دروست کردووە، سەرەتا بەهرەی پروسەی خولقاندنی سروشت بەر ئاژەڵەکان کەوتووە، ئاژەڵ پێش وەخت دروست بووە، هەر بۆیە تا ئێستا مروڤی سەردەم ڕەگی ئاژەڵی تیایە، ڕەگی خودخواهی تیایە، ڕەگی لادان لە یاسای تیایە، لێرەدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ کەسایەتی و یادەوەریی مرۆڤ کە لە یەکەی سروشتەوە سەری هەڵداوە، ئەوە سایکۆلۆژیستە روسەکان کەسایەتی مرۆڤیان دابەش کردووە بەسەر جۆری ڕەنگەکان بەڵغەمی و بورتقاڵی و ڕەشایی و قەهوائی، هەر ڕەنگێک لەم کەسایەتیانە یادەوەریی تایبەت بەخۆی هەیە تەنانەت ئەم بیروکەیە شوڕ کرایەوە نێو ڕێکخراوە حزبیەکان بۆ نموونە هەر هەیئەتێک دەبێ سێ کەس سەرپەرشتیی بکا، بەمەرجی جۆری کەسایەتیەکان جیاواز بن تا وەکو لە بریار وەرگرتن کەم و کوڕی یەک تەواو بکەن، هەروا کەسایەتی و یادەوەریی مرۆڤ لە بەر ئەوەی ڕەگەزی ئاسن و میتاڵی تیایە بە پێ وەرزەکان دەگوڕێ، بۆ نموونە کەسایەتیەکان بەشێوەی گشتی لە زستان گرژ دەبنەوە لە هاوین دەکرێنەوە لە وەرزی پایز مت دەبن و لەبەهاریش دەگەشێنەوە، کەواتە کارتێکردن و کارلەیەککردن هەیە لە نێوان کەسایەتی سروشت و کەسایەتی مرۆڤ بە واتایەکی دی مرۆڤ لە سروشتەوە دروست بووە کە دەمرێ جەستەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەی سروشت بەڵام لێرەدا دەبێ هەڵوەستەیەک بکەین لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی و یادەوەریی مرۆڤ کە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەم بەشی ماتریاڵی و جەستەیی دووەم بەشی روحی و گیانی بەواتایەکی تر یادەوەریی کە هەڵگری تەوژمی کارەبایی یە لەهەمانکاتدا هەڵگری کۆدی تایبەتە بەو مرۆڤە، بەپێ لێکدانەوەی دیجیتاڵی بۆ یادەوەریی کە مرۆڤ دەمرێ، جەستەی دەمرێ تەنیا بەڵام یادەوەریی کە هەڵگری تەوژمی کارەبایە لە جەستەی جیا ئەبێتەوە بە پێ بۆچوونی زاناکانی سەردەم بەبەرزی سەد مەتر لەسەرەوەی جەستە لەنگەر دەگرێ، ئەو دەم یادەوەریی بەرکەوتنی دەبێ لەگەڵ کەسایەتی و یادەوەیی سروشت و گەردوون، لە ڕاستی دا بەشێوەی میتافوری دەڵێن دەسەڵاتی خودا لێپێچینەوە لە مرۆڤەکان دەکا کەچی ئەوە دەسەڵاتی ئەستانداری سروشت و گەردوونە لە لایەک هەروا دەسەڵاتی ئەستانداری یادەوەریی مرۆڤەکانە بە زیندوو مردووەوە لە لایەکی دی، لە زانستی یادەوەریی چەمکی مردن و زیندوو نییە بەڵکو چەمکی ئەوە هەیە، یادەوەریی لە نێو جەستەیە یان لە دەرەوەی جەستە، لە ئاینی بودایی و یارسانەکانی لای خوشمان دەڵێن روحی مرۆڤ لە دوای مردنی جەستە دەچێتە نێو جەستەی گیانلەبەرێکی دی چ گۆڕاو بێ یان نەگۆڕاو یان ئەو روحە دواتر دەبێتە درەخت یان باڵندە یان ئاژەڵ کەواتە لێرەدا بیروبۆچوونی دونادون بیرکردنەوەیەکی زانستی یە، ئەگەر چی لەسەردەمی ژیانی دیجیتاڵی ئێستا یادەوەریی و کەسایەتی و مۆرکی دیاریکراو، چەمکێکی کارەبایی و تەکنۆلۆژی یە بەشێوەیەک کە یادەوەریی پڕ دەکرێت و بەتاڵ دەکرێتەوە، زانیاری لێ ڕەش دەکرێتەوە زانیاری بۆ ئیزافە دەکرێ تەنانەت یادەوەریی مرۆڤ ئێستا ئاپی تێ دەکری ڕێک وەک جیهازی تەلەفون ڕێک وەک جیهازی کۆمپیوتەر، وەک پێشتر گوتمان یادەوەری مرۆڤ کۆپی کراوی سروشت و گەردوونە لە هەمانکاتدا زانستەکانی ماتماتیکی و کارەبایی و فیزیاوی و کیمیاوی تەنانەت گراماتێکی زمانەوانی بە واتایەکی دی مەعریفە و وەهم بە هەموو لایەنەکانیەوە لە دەروونی سروشت و ئەتمۆسفیری گەردوون جێگیرە، ئەوە مرۆڤەکانە بە هەوڵ کۆشش و تاقیکردنەوە زانستەکانیان دەرهاوێشتووە و خراوەتە پێناو خزمەتی مرۆڤایەتی لە تێکرای کێشوەرەکان، بۆ نموونە جیهازی تەلەفون بە پێ لۆژیکی کارەبایی نێو سروشت ئیش دەکا، میکانیزمی ئەم ئالەتە لە نێو ئەتمۆسفیری گەردوون دایە، تەنانەت ژمارەکان لە یادەوەریی سروشتەوە وەرگیراوە، یادەوەریی سروشت و گەردوون تەژیی و پڕە لە سیمبۆلی ماتماتیکی و کارەبایی و فیزیاوی، بۆ نموونە داهێنانی ڕەنگەکان و ژمارەکانیان سەرەتا لە یادەوەریی و کارخانەی سروشتەوە وەرگیراوە هەروا ڕەگەزە کیمیاویەکانی لە یادەوەری گەردوونەوە وەرگیراوە، بۆنموونە داهێنانی جیهازی کۆمپیوتەر و میکانیزمی ئیش کردنی، ئەگەر تۆزی هەڵوەستەی لەسەر بکەین بۆمان دەرئەکەوێ کە تێکرای پروسەکانی لە ئالیەت و میکانیزمی مێشک و یادەوەریی مرۆڤەوە وەرگیراوەو بنەماکانی هەڵدەقوڵێ، دەسەڵاتی زانست خۆشبەختانە توانیویەتی نهێنی مێشک مرۆڤ و توڕی یادەوەریی کەشف بکا و شارەزای میکانیزمەکانی بێت، بۆ نموونە فاکتەرەکانی ناردن و وەرگرتن، دوو توانای یادەوەریی مرۆڤن، مرۆڤ دەتوانێ وەک ریسیڤەر وەرگرێ هەروا توانای ناردنی هەیە مەبەست وەرگرتنی بیروبۆچوون و وێنەو کایەی مەعریفی یە هەروا ناردنی وێنەو نیەت و بۆچوونی جیاوازە کە لە دەخیلەو باکگراوندی یادەوەریی ئەو کەسە بوونی هەیە، لێرەدا دەتوانین باسی قەدەری یادەوەریی مرۆڤەکان بکەین و کەسایەتیان چ رولێک دەبینی لە ئاراستە کردنیان، لەڕاستی قەدەری مرۆڤەکان یەکانگیری یادەوەریی سروشت و یادەوەریی مرۆڤەکانی دیکەو یادەوەریی خۆدی مرۆڤە، مرۆڤ هەم ئازادە، هەم دەرگیرە لە کایەی قەدەری دا، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی فیزیاوی و ماتماتیکی یە، لێرەدا من لەگەڵ پروسەی ئیلهامی نووسەران و رۆشنبیران وشاعیران یەک ناگرمەوە گوایا ئیلهام ئیحایەیەکی خودایی یە، گوایا مرۆڤ ژانی لێ دێت ! لە ڕاستی دا ئیلهام کایەیێکی فیزیاوی و کارەبایی یە وەک گوتمان یادەوەریی مرۆڤەکان بە مردوو و زیندویانەوە، وێنەی کۆپی یەکیان لەسەر لاپەرەی ئاتمۆسفیری گەردوونە لە شێوەی وەهم و زانستی مەعریفی، لەسەرەتا دا وەهم زانستە بەشێوە خۆرسکی و سەرەتایەکەی دواتر دەخەملێ و پێ دەگا. ئەگەر نووسەر یان شاعیر بیەوێ بنووسی و پروژەی نووسین وەبەرهەم بێنی، دەکرێ تەماس بگرێ لەگەڵ بەشێک لە یادەوەرییەکان یان لەگەڵ یادەوەریی گەردوونی کە هەڵگری یادەوەریی دەستەجەمعی تێکرای مرۆڤەکانە بە درێژایی مێژوو بە پوختەترین دەربڕێن ئەنجام دانی کایەی تەلەپاتی یە لە زانستی پاراسایکۆلۆژی دا. بۆ نموونە دەڵێن جەلال دین رومی وشاعرێکی یابانی لە هەمان کات دا یەک دەقیان نووسیوە کە زۆر لە یەکەوە نزیکن مەبەست وێنە شیعریەکەیە نەک زمانی دەق، ئەگەر لە رووی لوژیکی زانستی یادەوەریی ئەم دیاردەیە لێک بدەینەوە دەکرێ شەش کەسیش لەهەمان کاتدا هەمان وێنەی دەق وەرگرێ بەمەرجی فرینکوینسیان لەسەر یەک ئاست و شەپۆل بێت، لەسەردەمی دوا گەشەسەندنەکانی ئەمرۆ چی دیکە جۆری مرۆڤ لەسەر شێوازی ڕەنگەکان دابەش ناکرێن، زیاتر کەسایەتی و یادوەریی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی فیزیاوی و ماتماتیکی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە ڕێگای بەرز و نزمی فرینکوینسی یادەوەرییەوە، لە ڕێگای کۆدی ماتماتیکی یەوە لە ڕێگای سیگناڵی دەنگی و جەستەییەوە هەر بۆ نموونە ئەفریقیەکان سەمای بارانیان هەیە، بە جوڵەو دەنگ لە سروشت دەپاڕێنەوە پروسەی بارانیان بۆ ئەنجام بدا، سەماو کایەی فیزیکی و فیزیاوی ئەنجام ئەدەن تا وەکو سروشت بە هانایانەوە بێ، لە ڕاستی دا جۆرێک لە دیالۆک بوونی هەیە لە نێوان سروشت و مروڤەکان، سروشتیش کەناڵی تایبەتی و زمانی هەیە، گەرچی زمان و گراماتیکی هەموو گەلان لە ناخی ئەو دان، سروشت ئەقڵ و ئاوەزی هەیە، دەکرێ ئاخاوتنی لەگەڵ ئەنجام بدرێ هەروا دەکرێ ئاوەزو رەفتاری سروشت دەستکاری بکرێ بخرێتە پێناو خزمەتی مرۆڤەوە، هەر بۆیە چەمکی میتافوری دەسەڵاتی خودا لە نێو ئەفسانەکان لە نێو سروشت دا جیگیرە وەک زەمانی کریگەکان دەیانگوت خوای با و خوای دەریاو خوای ئاگرو خوای زەوی بێگومان ناوی تایبەتی لاتینی یان هەیە، دیارە ئەمجارە بابەتەکەمان تێکچڕژاوە بەڵام تێکڕای ڕێگاکان دەچنەوە بۆ بانە یان رۆما کە ژیانی مرۆڤایەتی بنەمایەکی لۆژیکی ماتریاڵی و یادەوەریی هەیە .

*******

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



## دەمە تەقێێ نێوان کاوان قادر و ڕێبوار حەمە شەریف سەبارەت بە "بیرمەند"

**دەمەتەقێ :**

**کاوان قادر: بیرمەندی ئازاد کێیە؟**

**ئەی کێن ئەوانەی " کە بەناوی بیرمەندەوە ئەدوێن و شکۆی کەسایەتی مرۆڤی بیرمەند تێکدەشکێنن و کۆیلەن؟**

**ڕێبوار حەمە شەریف:** پێش ئەوەی وردەکاری بخەمە سەر باس و بابەتێکی گرینگ و پێناسەی بیری بیرمەندی و هەڵگری ناوی کەسی بیرمەند، پێمخۆشە سەرەداوێک ڕوونبکەمەوە تا هەمووومان پێکەوە پێناسەکە، شرۆڤە بکەین، وە دوچاری هەڵەو ناحاڵی لە پێناسەدا نەبینەوە کە کاتێک، بیری کەسانی بیرمەند سەرەوخوار خلۆر دەبێتەوە و بەرەو زۆلکاوی نا هۆشمەندی. ڕەنگە، بە هەرەسهێنانی کەسێک کە خاوەن کۆمەڵەکتێبێکی داهێنەرو کۆمەڵێک قسەی زل و شاتە شاتی ناو هەر کەناڵێک، ئیدی ملی کەوتە ناو زۆلکاوی کوێرەوریەکان و دەستی گرت بە شانی (حیزبێک) و دەستی بەدیوارێکی ڕووخاوەوە گرتوە، ئەوە ئیتر پێناسەیەکە بۆ بەهای هەموو کەسانێکی نا بیرمەند. کەسێکی بیرمەند بناغەی پەروەردە و ڕەوشتێکی ناوەکی هەیە کە پێکهاتەکەی ڕەنگە هەر لە دەنکۆڵەیەکی ناوکی خورما بچێ لەدەرەوە نەرمونیان و لە ناوەوەی توندو تۆڵە بە ئاسانی وردو خاش ناکرێت .

بیرمەندی فشۆڵ و کەسی لاوازیش هەیە، دەخوێنێتەوە لەناو وشەی زەق و ڕستەی قەبەی ناوداران گێرە دەکات بەوەش نەک هەر خۆڵ لە چاوی خوێنەر دەکات هەروەها ناڵ بەندی دەکات تا تروسکاییەک نەهێڵێتەوە بۆ خوێنەرەکانی، تا ئەو جێگە کاری پێدەکات کە ڕێگەکەی و گەیشتن بە پلەو بۆست و کورسی و ماڵ و سەروەتە، جا ئیتر لەو لاوە دەستی لێبەرئەدات و عەرەبانەی زانیاری... بێ ئەسپ بەرەڵادەکات.

**کاوان قادر:کەواتە //: لێرەوە... تا چ ڕادەیەک ئەم شیکردنەوە کورتەمان دەمانگەیەنێت بەشتێک کە جیاکاریەک لە نێوان ئەو دوو کەسایەتیەدا بکرێت؟**

**ڕێبوار حەمە شەریف:** ئێستا با بێینە سەر باس و بابەتەکەمان و پێناسە ڕاستیەکە بکەین کامەیە؟ وە چۆن تێگەیشتنمان هەبێت بۆ جیاوازی کردنیان ئایا بیرمەندی بە هەڵوێست و ڕاستگۆ کێ یە (الصیفە)؟

ئەوەی کە ڕەوشت بەرزی بیرمەندێک دیاری دەکات تایبەتمەندییەکانییەتی لە ڕەخنەگرتنا لە تواناو وردبینیەکەی دا هەڵسەنگاندنێکی جەوهەری و بێبەرابەری هەیە، چاوەڕوانی هیچ پاداشتێکی لەکەس و لە هیچ لایەنێک و دەسەڵاتێک نییە. لۆژیکیانە ڕەفتارکەرو گوفتار بێژو کردار بە وتنەکانیەوە دەکات .وە هەستیارە بەرامبەر کێشەکان و توانای دەستنیشانکردنیان لە هەق بێژیدا .

ئەگەر بمانەوێت ئەو تایبەتمەندییە سەرەکیانە بزانیین کە لە بیرمەندێکی داهێنەرو ڕاستگۆدا هەیە هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەوە ئاسانتر نی یە کە قەلەمەکانیان ناچەمێننەوە بۆ هیچ دەسەڵاتێک و هیچ باوەڕێکی کرچۆڵ و ناوەڕۆک پوچ و بێ بنەمای تیوری .هێزی داهێنانیان بەخواستی عەشیرەت وبنەماڵەو خێڵ و نەتەوەگەرایی نابەنە پێشەوە.

ئەخلاقیاتی نوسەرانی ئەوبەری چەمیش رێک پێچەوانەکەی جێ بەجێ دەکەن زۆر بەکورتی خۆیان تەسلیم بەهەرزان فرۆشی دەکەن و کۆمەڵگەش کە نوقمی بێ مافی و هەژاری بووە توشی بێ ئاسۆیی دەکەن، چونکە خۆیان بەشێکن لە بێ ئاسۆیی، چاپتەری دووهەمی سوننەتێکی سیاسی بوون کە ئیدعای گۆڕانیان دەکرد سەرەنجام شکستی خۆیان لە مێژوودا ڕاگەیاند ومەئموریەتەکەیان تا ئێرە بوو بەس .

**کاوان قادر : جێگەی داخێکی گرانە کە، ڕۆژگاری سەرمایەداری و حوکمی قەرەقوشی سەردەمێک لە ئێستادا کە لە ئارادایە کۆمەڵگەی لەبەر یەک هەڵوەشاندووە، پێتان وا نی یە ئەم دیاردانە سەرەنجام بن و هۆکاری گەورەتریان لە پشتەوە بێت، ئەوەی دەگوزەرێ لەنێو هونەرمەندان وئەدیبان قوربانی ئەو هەلومەرجە بن؟**

**ڕێبوار حەمەشەریف:** من لەو بڕوایەدام ئەوە ڕاستی تێدایە، بەڵام کەم نین ئەوانەی لە ڕابردوو ئێستادا بە نەمری ژیان و ڕاستگۆیانە مەهام وپەیامی هونەرو ئەدەبیان بە ئەمانەتەوە بە شوێنی خۆی گەیاند، بۆ نا؟ ئێمە قسە لەسەر دوو ڕوویی دەکەین قسە لەسەر ئەو شیعارو بەڵێنانە دەکەین کە بۆ فریودان لێمان ببون بە شەبەحی شۆڕش وگۆڕان، ئەو ئومێدو ئاسۆیەی کە ساڵەهایە کاری لەسەر دەکەین ئەمانە ڕۆڵی خۆێیان لەسەر برنی کۆمەڵگە گێڕا .

((ڕەخنەگری چەسپی)) و کەسییەتی زانای بیرمەند بۆ پلەو پۆست و پارەو گەیشتن بە (دووگ) پەیدابوون، کە حزب و دەسەڵاتەکان قەڵەویان دەکەن و دابەستە دەکرێن تا ڕۆژی جەژنی قوربانی و لە مەیدانی سیاسەتێکی پاسیفدا تووشی بەشودان دەبنەوە، بەوەش ڕەنگە کۆمەڵگەو دوا کەوتووانی تووشی شۆک بکات و سیمبوڵی ڕۆشنفکری و بیرمەندان ناوزەدو توشی هەرەس و دارمانێک و بێئومێد بوون بکاتەوە با ئەوە لای هەموومان ڕۆشن بێت کاریگەری سیلبی قەڵەم بەدەستێک کەمتر نی یە لە سیاسی یەکی تاوانبار .

بەڵام، وەک لە سەرەتادا باسمانکرد ئەوانە بیرمەندە ڕاستگۆکان نەبوون و تەنها دابەستە بوون بۆ ئەوەی بیری نەوەیەک تێکبشکێن کە خودی ئایدۆلۆژییەتی حزبێک ویستی بووە و ئامانج لە بەرهەمهینانی بووە تا وەک کەرەسەیەکی خاو بکرێتە مادەیەک و هەرەس بە هەموو ئەو خشت و بناغە بنەڕەتیانە بهێنێت کە بینای ئازادی و هەتاوی ترۆپک تێدا هەڵدێت .

دەکرێت... هەموومان" لێرەوە ... وردترو بیناسازیی تر تێبڕوانیین تێبکۆشین و کۆڵنەدەربین و تێکنەشکێین و چاوکراوەتربین لە ئاست هەر ئەگەرێکی وەهادا کە ئەگەر، بیرمەندێکی درۆزەنە پەیدابوو، چاوکراوەترو قوڵتر تێفکرین لە کردەو گوفتارو ڕەفتاری کەسییەتیدا کە هەر کەسێک ئیدعای بیرمەندیەت بۆ بکا، خۆ ناکرێت هەر (مەهدیەک)ی درۆزن سەر هەڵبدات و ئیتر بڵێین: تەواو دنیا کۆتایی هات.

ئەوەی لە باشوور دەگوزەرێت پەتپەتێنێک و یاریەکی قیزەوەنی ئەو حزبانەن لە مۆراڵی هونەری وئینسانی دواکەوتوون، وە هەر وەها هەوێنی کوشتنی بیری نەوەیەکی نوێن و زیندە بەچاڵکرنی ئەقڵە پێشکەوتوو... خوازەکانە، کە زۆرینەی حیزبەکان لە زۆر ڕێگەوە ڕۆژانە پلان دانەرن تا خواستەکانی حیزب و کەسانی بەرژەوەند پەرست لەو ڕێگەوە دەست بەسەر بیرە ئازادەکاندا بگرن و تێکیبشکێنن بەوەش ئامانجیانە، تا نەوانەی کەوا بەڕێوەن بۆ گۆڕانکاریەکان "قۆناغێکی دوورتر بگرنەوەبەر وە، هەستانەوەیان زەحمەت و ئاسان نەبێت.



دەسەڵاتی خۆنوێنی باشور، 33 ساڵ کاری لەسەر بێقیمەت کردنی ئەو چەمك و دەستەواژانەش کرد، کە بەشێکیان باوەشێنی ئاگری هەستی نەتەوایەتیان دەکرد لە خوێنی یەك بەیەکی خەڵکی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆکدا، ئەو دەسەڵاتە عەوامە وەها پیسی کردن کە ئەمڕۆ، منداڵ و گەنج و پیرەکان بە بیستنیان هێڵنج دەدەن.

دیارترینیان:

مێژوو، زمان، شەهید، کلتور، خاك، برایەتی، ئەخلاق، گەل، خەبات، یاسا، کوردایەتی، پەروەردە، شۆڕش، تێکۆشان، نیشتمان، پێشمەرگە، ماف، ئاشتی، دیمۆکراسی، سەربەخۆیی، سەرکەوتن، کۆڵنەدان، بەرخۆدان، یەکگرتن و یەکڕیزی و تادوایی..


ئارام حسن

شیعریکی:

مەهسا مەحموود پوور

وەرگیر:

خالیدبایە زیدی(دلیر)



ژنانی فەرانسا شاعیریان دەبێت

ژنانی سوئد ئازادیخواز

ژنانی چین کریکار

ژنانی ئەمریکا هاوولاتی

ژنانی فەلەستین بەرگری

ژنانی عەرەب موسلمان

وە ئیمەش

دایکانی باڵقرتاوی ئیران

کوچبەرمان دەبیت

نەك ئەو کوچبەرەی کە پائیزان کوچ دەکات و

بەهاران دەگەریتەوە

کوچبەرێك کە دەروات و

ئیتر هیچ کات ناگەرێتەوە



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**بەشی حەوتەم**

**ئینتەرناسیۆناڵ: ئایا بەم جۆرە ناتوانین بڵێین کە دەستەواژەی ئازادیی پۆزەتیڤ، کە وا دێتە بەرچاو جێ بۆ دەرفەتی یەکسانی تاکەکان و لێپرسراوێتی کۆمەڵگە و هۆشیاری دەکاتەوە، خاڵی دەستپێکردنێکی چاکترە بۆ پێناسەی ئازادیی سیاسی؟**

**مەنسوور حیکمەت:** هەر وەک پێشتر وتم، بەڕای من خودی ئەم جیاکردنەوەیە وەک پێناسەیەکی پایەیی لە ناساندنی دەستەواژەی ئازادیدا بایەخێکی ئەوتۆی نییە. لە دواقسەدا و هەر وەک لە هەڵسوکەوتی سیاسیی کۆمەڵگەی تا ئێستادا بینراوە، نەریتی لیبراڵیزمی ئینگلیزی و نەریتی سۆسیال دیموکراتیی ئەورووپا هەردووکیان نیشانیان داوە کە بەقەدەر یەکتر دەتوانن ئازادیی واقیعیی مرۆڤەکان بە لاڕێدا بەرن، وەک یەک دەتوانن لەژێر ناوی دامەزراندنی نیزامێکی سیاسی ئازاددا ملکەچییەکی پایەیتری چینایەتی و بێمافییەکی سیاسیی ئاشکرا لە ئاستی گشتیدا ساز بکەن. ئازادیی پۆزەتیڤ و سلمی هەردووکیان لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی بۆرژواییانە بۆ مرۆڤ و ئازادیی مرۆڤ و لەسەر پایەی کۆمەڵگەیەکی دابەشکراو بۆ چینەکان پێناسە دەکرێن. نەبوونی ڕێگری سیاسی و حوقووقی لەبەردەم پیادەکردنی ئیرادەی ئازادانەی فەرددا، کاتێک کە ئابووریی سیاسیی کۆمەڵگە پێشتر مرۆڤەکانی بە دوو چینی دەسەڵاتدار و ژێردەست گۆڕیوە، هیچ مانایەکی نییە جگە لە دەستئاوەڵابوونی چینی دەسەڵاتدار لە هەڵسوکەوت لە دژی چینی کرێکار و بەتاککەوتنەوە و دەستوپێگرتنی تەواوی تاکەکانی چینی ژێردەست لەبەرامبەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نەبێت، کە گۆڕینیان وای پێ دەچێت، لە سنووری توانای ئەوان بەدەر بێت. هەر بۆیە ئازادیی سلمی لیبراڵیزم، هەر ڕۆڵێکیشی لەبەرامبەر ڕژێمە پاشایەتییە ڕەهاکانی سەدەکانی پێشوودا گێڕا بێت، لە دنیای ئەمڕۆدا بە هەر پێودانگێکی ئازادیخوازانەی ڕاستەقینە سەیر بکرێ، دەستەواژەیەکی بێبایەخ و لەکەدارە. "ئازادی پۆزەتیڤ" لە ڕوویەکی ترەوە، وا پێویست دەکات کە دەزگا و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی هەبێت، ئەو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییانە کە زەروورن دیاری بکات، تاوەکوو مرۆڤ شانسی هەڵبژاردنی ئازادانەی لە مەیدانی سیاسی و مەدەنیدا هەبێت. چ پلەیەک خوێندەواری و چ جۆرە خوێندەوارییەک پێویستە، تا مرۆڤ بتوانێت لە هەڵبژاردنێکدا بڕیارێکی تەواو ئازادانەی خۆی بدات؟ چ ڕادەیەک زانیاری و چ جۆرە زانیارییەک پێویستە تا مرۆڤ بشێت، بڕیاری ئەوە بدات کە لەبەرامبەر فڵانە سیاسەتی دەوڵەتدا، هەر لە ڕاگەیاندنی جەنگەوە تا سیاسەتە ماڵییەکەی، کام




هەڵوێست وەربگرێت؟ پانی و درێژی ئەو خانووەی کە بەکەڵکی ئەوە بێت، مرۆڤ تیایدا مافی "سروشتی" خۆی لە هەبوونی جێگایەکی تایبەتیی ئەمیندا پیادە بکات، چەند و چییە؟ مرۆڤ پێویستە لە ڕۆژێکدا چەند کار بکات، بێ ئەوەی مافی سروشتیی لە گەیشتن بە پێداویستییە مەعنەوی و عاتیفییەکانیدا لەکەدار بێت؟ دەستەواژەی ئازادیی پۆزەتیڤ و سۆسیالیزمی بۆرژوایی عادەتەن دەوڵەتی وەک لێپرسراوی دابینکردنی ئەم لانی کەمانە و لێرەشەوە سەرچاوەی دیاریکردنی بڕ و ڕادەیان لەبەرچاو گرتووە. بەڵام لەبیرتان نەچێت کە کۆمەڵگە هەر ئێستا چینایەتییە و دەوڵەت بۆرژواییە. لەبەر ئەوەی پوختەی مەسەلەکان ئەوەیە کە تەواوی ڕێگرییە بۆرژوایییەکانی سەر ڕێگەیی ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەم جارە لە لایەن دەزگای دەوڵەتەوە پیادە دەکرێت، نەک لە لایەن قانوونە کوێرەکانی بازاڕەوە. لەژێر پەردەی پاراستنی تاک لەو بێمافییانەی کە کارکردی خۆبەخۆی سەرمایەداری و بازاڕن، بە شێوەیەکی فەرمی جۆری بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە لایەن دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایییەوە لەقاڵب دەدرێن.

هەروەها ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە چۆن، بەتایبەتی لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ئینفۆرماتیک و ئەلیکترۆنی ئەم چەند دەیەی دوایی، دەزگا گشتییەکان و ژۆڕنالیزمی فەرمی ئەرکی گێژ و وڕکردنی جەماوەریان، کە پێشتر کاری کڵێسا و سوپا و پۆلیس بوو، بەشێوەی مۆدێرنتر و "بەبێ دەستتێوەردان" گرتۆتە ئەستۆ. لەژێر ناوی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە پێویستەکانی بڕیاردانی ئازادانە و ڕاستەقینە کە مەرجێکی پێناسەکردنی ئازادیی پۆزەتیڤە، بە فەرمی زانیارییە درۆیینەکانیان کردۆتە بەشێکی جیانەبووەوەی ژیانی جەماوەر. شاشەی تەلەفیزیۆنەکانتان چەندە گەورەتر بێت، توانا و ئیرادەی سیاسیتان بە هەمان ڕادە بێناوەڕۆکتر و درۆیینەتر دەبێت. ئاکامی عەمەلیی ئەم ڕێبازانە لەبەرامبەر مەسەلەی ئازادیدا لە مۆدێلی لیبراڵی پوخت کەمترسناکتر نییە. لەو وڵاتانەدا کە سۆسیالیزم لە شێوەی جۆراوجۆردا دەستی باڵای هەبووە، وەک سۆڤیێتی پێشوو، یان ئەورووپای باکوور تاکەکەس تەئمینتر و ئاسوودەترە، بەڵام بە هەمان ڕادە بە دەوڵەتی بۆرژوایییەوە وابەستەترە و لە ژیانی خۆیدا زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. دەست ئاوەڵایی حوقووقییانەی دەوڵەتی بۆرژوایی لە دەستبردن بۆ هاوکێشە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ژیانی جەماوەر فراوانترە. دەوڵەت پەیوەندییەکی سەرپەرشتکەرانە لەگەڵ جەماوەری کارگەری کۆمەڵگەدا دادەنێت، کە دەرفەتی ئەوەی دەداتێ بە ڕادەیەکی زۆر هەڵسوکەوتیان لە خەباتی چینایەتیدا بەرتەسک بکاتەوە. لەم کۆمەڵگەیانەدا تاکەکەس بێ شەخسییەتتر و لەقاڵبدراوترە. لەبەرامبەر کۆمەڵە "ڕاستی"یەکدا کە لەسەرەوە دەردەچن، لەوانە جۆری ژیانێک کە بەناوییەوە مۆر دەکرێت، ئەو سیناریۆ ئابووری و سیاسییانەی کە بەسەریدا دەسەپێنرێت، بەتەواوەتی بێ دەسەڵات و بێ چارەیە. لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگە چینایەتییە، دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتدار بۆرژوازین و هۆکاری فەرمانڕەوایی ئەون، ڕێبازە بۆرژوایییەکان هەر پێناسەیەک سەبارەت بە ئازادی بەدەستەوە بدەن، بەشێکە لە میکانیزم و دامودەزگای بەرتەسککردنەوەی ئازادیی جەماوەریی کرێکار لە کۆمەڵگەدا. ناکرێت چینی دەسەڵاتدار هەبێت و ئازادیی سیاسی واقیعیش هەبێت. کۆمەڵگای چینایەتی ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی ئازاد بێت. گومانی تێدا نییە کە لە ڕژێمە پەرلەمانییەکاندا تاکەکەس بەرەوڕووی کۆمەڵە هەڵبژاردنێکی سیاسی دەبێتەوە و سەرپشکە بەم یان بەو شێوەیە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەدا بەشداری بکات. گومان لەوەشدا نییە کە تاکەکەس سەرپشکە لەوەی چوارچێوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە دەخرێنە بەردەمی، ئازادانە کامیانی لا پەسەندە هەڵیبژێرێت. گیروگرفتەکە لێرەدایە کە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا خودی ئەو کۆمەڵە هەڵبژاردنە سیاسییەی دەخرێتە بەردەم مرۆڤ و ئەو ڕێگایانەی نیشانی دەدرێت بۆ بەشداریی سیاسی، لەچاو ئازادیی واقیعی مرۆڤدا، ساختە و ئاوەژوون. سەرەتا من و تۆ وەک سرب و کروات، عەرەب و کورد، موسڵمان و دیان، سپی و ڕەشپێست، ژن و پیاو، لەسەرکار و بێکار و لەم جۆرە شتانە پێناسە دەکەن، سەرەتا هۆشیاری و ناسنامەی هەریەکەمان وەک ئەندامی تیرەیەک، نەژادێک، ئایین و وڵاتێکی دیاریکراو یان ئەندامی دەستەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو پێناسە دەکەن، دواتر لەبەردەممماندا، واتە لەبەردەم ئەم مەخلوقاتە زمان بەستراوی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتداردا، ئەو ڕێگا "ئازاد"انەیە دادەنێن کە ئایا وەک ژمارەیەک مرۆڤی مێشک وشک و ترسێندراو لەگەڵ میللەت و ڕەگەزی پەنادەستی خۆماندا خوێنەخۆری یەکتر دەبین، یان تەنها ململانێی ئابووری دەکەین؟ سەرەتا بەهۆی دەزگا بڵاوکەرەوە و ڕاگەیاندنە بیروباوەڕ دروستکەرەکانی چینی دەسەڵاتدارەوە، گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگە بەپێش پەرلەمانی حیزبە چەپ و ڕاستەکانی بۆرژوازی دەتەنن و دواتر داوامان لێ دەکەن، ئەویش زۆر بەپێداگرتنەوە نا، کە هەر چەند بەیانییەک دەنگ بۆ یەکێکیان بدەین. بێگومان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لیتوانیا، ڕیفراندۆمی ڕەتکردنەوە و قەبووڵکردنی پەیمانی ماستریخت، هەڵبژاردنەکانی جەزائیر و ... هتد. نیشانەی هەبوونی دیموکراسی و ئیرادەی فەردییە، بەڵام هەر خودی ئەو ڕێگایانەی کە دەیخەنە بەردەم جەماوەر کۆیلەیی هێنەرە.

بە تێڕوانینی من، مەرجی پێویستی ئازادی، شۆڕشکردن لە دژی ڕامکردنی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتییە. کۆمەڵگەی نایەکسان، کۆمەڵگەیەک کە نایەکسانیی وەک سیفەتێکی بنەڕەتی خۆی هەمیشە بەرهەم دێنێتەوە، ناتوانێت جێگەی ئازادی و ئیرادەی مرۆڤ بێت. دیموکراسیی لیبراڵی و ڕژێمی پەرلەمانی، بە هەر چەمکێکی ئازادیشەوە کە پاڵپشتی فیکری بێت، نیزامێکی سیاسییە و بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگەیە و بۆ هەڵاواردنێکە کە بنەماکەی پێک دەهێنێت.

**درێژەی هەیە...**



# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن "هەڵبژاردن لە کوردستان"

## نووسینی: بنار مستەفا

بەشی دەیەم

یەک کورسی بێنین، ئێمە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانین، سەد کورسیش بێنین ئێمە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانین. نە لە عێراقدا و نە لە کوردستاندا هیچ لایەنێک دەتوانێت بێ یەکێتی لەسەر چارەنووسی کوردستان بڕیار بدات." مەلا بەختیار لە سەرکردایەتی یەکێتی لە جانیوەری ٢٠١٨دا.

لە بەشەکانی پێشووی ئەم زنجیرە باسەدا زۆر بابەت لە پەیوەند بە هەڵبژاردن لە جیهان باسکران و نمونە هێنرایەوە، کە بە مانای دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خەڵکی نییە. خەڵکی دەتوانن زیاتر کاریگەرییەکی شکڵی دابنێن تا کاریگەرییەکی واقعی، خواستەکانی خەڵکی بە ئەنجام ناگەن و بەڵێنەکان بە زۆری هەر وەک بەڵێن دەمێننەوە و هتد. بەڵام لە کوردستان هەڵبژاردن زۆر لەمەش لاوازتر و خراوترە.

گەر لە جیهاندا پاش هەڵبژاردنەکان تەنها ئەحزابی حاکم دەگۆڕێن و هەمان سیستەم بەردەوامی دەبێت، لە کوردستان تەنانەت لەمەشەوە دوورە. گەر ئەنجامی هەڵبژاردن لە هەندێک وڵات ببێتە مایەی گۆڕینی هەندێک یاسا، لە کوردستان ئەمەش ئەزموون نەکراوە و ئەستەمە لە دۆخی ئێستادا بکرێت. گەر لە جیهان دەنگەکانی خەڵکی بە شێوەیەک حسابی بۆ کرابێت و لەسەر بنەمای حکومەتی ئایندە و بەشێک لە دەموچاوەکانی دەسەڵات گۆڕابێت، کوردستانی نەگرتۆتەوە.

لە کوردستان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەر چییەک بێت، پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان، لە سلێمانی و هەڵەبجە و چواردەوری یەکێتی دەسەڵاتدارە و لە هەولێر و دهۆک و دەوروبەری پارتی خاوەنی دەسەڵاتی رەهایە. حکومەتێک شکڵی پێکدەهێنن و هەندێک لە لایەنەکانی تر شەریکی حکومەت دەکەن، کە بە قسەی خودی خۆشیان زیاتر بەشدارییەکی رەمزییە. سەرنجراکێش ئەوەیە، کە بەشێک لەو لایەنانەی بەشداری حکومەت دەکەن، بە زۆری خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن دەبینن و دەدوێن، ئەگەر چی خاوەنی وەزارەتن. تەواوی دەسەڵاتی کوردستان لە دەستی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانیدایە، سەربەخۆ لە پێگەی پەرلەمان و حکومەتیان.

هەر بۆیە مەلا بەختیار راشکاوانە دەڵێت، کە لەسەر چارەنووسی کوردستان بێ یەکێتی هیچ لایەنێک ناتوانێت بڕیار بدات. گەر هەڵبژاردن ئامانجی خۆی بپێکایە و لە پەرلەمان بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگە بدرایە، ئەوا بێگومان دەبوو جیاوازی زۆر فراوان لە نێوان یەک کورسی و سەد کورسی هەبووایە. بەڵام کاتێک لە زاری یەکێک لە رابەرانی دەسەڵاتەوە، ئەمە بە راشکاوانە بەیان دەکرێت، کە رێژەی کورسی پەرلەمان کاریگەری لەسەر جێگەوڕێگەی حزبەکەیان دانانێت، واتە چارەنووسی کۆمەڵگە لە پەرلەمانەوە دیاری ناکرێت رێژەی کورسی لایەنەکان بێ ئەرزشە. ئەمە تەنها دەربڕینێکی بێ پێچ و پەنای یەکێک لە سەرکردەکانی دەسەڵات نییە، بەڵکو بە کردەوەش هەر ئەمە ئەزموون کراوە و دەسەڵاتی پەرلەمان زۆر لاوازتر بووە لە دەسەڵاتی دوو حزبی خاوەن دەسەڵات.

ئەوەی لە کوردستان سەربەخۆ لە ئەنجامی هەڵبژاردن هەر ژیان و گوزەرانی رابردوو ئیدامەی دەبێت ڕێکەوت نییە و تایبەتمەندی جوگرافیای یان هیچ شتێکی تر نییە. بە سادەیی لەبەر ئەوەیە، کە لە کوردستان دەسەڵات لە سایەی هێزی میلیشیاوە بەدەستهاتووە و پارێزگاری لێ دەکرێت. ئەم شێوە لە دەسەڵات، ئەستەمە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە وەلا بنرێت یان تەنانەت ئالوگۆری شکڵیشی تیادا بکرێت.

پاش کۆتایی جەنگی سارد و جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ و بڕیاری دژە فڕین، پارتی و یەکێتی لە ناکاو دەسەڵاتیان کەوتە دەست. بە پشتیوانی رۆژئاوا و ئەمریکا، هەروەها بە هاوپەیمانی ئەم دووحزبە لەگەڵ ئێران و تورکیا، توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. پاش ئەم قۆناغە، دەستیان برد بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت. واتە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی پەرلەمانیان دامەزراند، نەک لە سایەی پەرلەمانەوە ئەم دوو حزبە دەسەڵاتیان بە چنگ کەوتبێت. رۆشنە، پەرلەمان و حکومەتێک دروستکراوی حزبی چەکدار بێت، ئەو پەرلەمانە ناتوانێت ببێتە خاوەن دەسەڵاتێک لەسەروو ئەم هێزە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەمیشە پەرلەمان و حکومەت لە ژێر دەستی حزبی دەسەڵاتداران و هەر کاتێک بیانەوێت، دەتوانن کۆتایی پێ بهێنن، هەر وەک بە کردەوش بینراوە.

کەوایە، بۆچی پارتی و یەکێتی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن و گرنگە بۆیان؟ زۆر بە سادەیی بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان. دەتوانن نیشانی بدەن، کە خەڵکی دەنگی بە دەسەڵاتەکەیان داوە، نەک لە رێگەی هێزی چەکدارەوە راپانگرتبێت. بەم پێیە هەڵبژاردن خزمەتێکی زۆر بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دەکات و لە هێزی میلیشیایی دەسەڵاتدارەوە وەک هێزی دیموکراتی نیشانیان دەدات. بۆیە یەکێتی و پارتی دەستبەرداری هەڵبژاردن نابن و هەمیشە دەستی پێوە دەگرن. هەڵبەت ئەوەشیان زامن کردووە، کە لە رێگەی دەسەڵات و هێزی چەکدار و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، کە لە چنگیاندایە، دەنگی پێویست بهێنن.

## ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی

لە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییەوە، بە دەرەجەی یەکەم حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و دواتریش (حکک) کوردستان ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە بووە. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دووربووە لە پەرلەمان و حکومەتی ئەم دەسەڵاتە و هەمیشە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی بە سیناریۆ لە قەڵەم داوە.

لە پانزە ساڵی رابردوودا لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان هێز و لیستی جۆراوجۆر هاتوونەتە مەیدان و وەک بەدیلی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی خۆیان دەناسێنن. ئەم ئۆپۆزیسیۆنانەیان لە رێگەی هەڵبژاردنەکان و پەرلەمان و حکومەتەوە کێبڕکێی دەسەڵاتی سیاسی دەکات و هەندێک جاریش شەریک دەبێت.

بزووتنەوەی گۆڕان سەرەتای ئەم دیاردەیە بوو، کە توانی کورسییەکی زۆری پەرلەمان بەدەستبهێنێت و لە خولی دواتریشدا بەشداری حکومەت بکات. وێرای بانگەشەی زۆریان بۆ گۆڕان، نەک نەیانتوانی هیچ شتێک بگۆڕن، لە ماوەیەکی کەمدا جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ دەسەڵاتدا نەما. لە ناوەراستی دەیەی رابردووەوە نەوەی نوێ و رەوتی هاوپەیمانی بە هەمان شێوە وەک ئۆپۆزیسیۆن دەرکەوتن. ئەوەی دووەمیان پرۆژەیەکی تایبەتی بەرهەم ساڵح بوو بۆ بوون بە سەرکۆماری عێراق و پاش پێکانی ئەم ئامانجە، رەوتەکەش کۆتایی هات. نەوەی نوێ هێشتا لەسەر ئۆپۆزیسیۆن بوون بەردەوامە. بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ی پەرلەمان دوو لیستی نوێی تریش هاتوونەتە مەیدان بە هەمان ئەجنداوە.

تەواوی ئەم لایەنانە باس لە گەندەڵی و دەسەڵاتی خوسەپێنی پارتی و یەکێتی دەکەن. کارنامەی ئەم دەسەڵاتە وەبیر خەڵکی دەهێننەوە، بەو هیوایەی دەنگدەر وەک بزووتنەوەیەکی جیاواز لە ئەحزابی دەسەڵات تەماشایان بکات و دەنگیان پێ بدات. لە هەڵمەتی بانگەشەکانیاندا مژدەی وەلاتی دەسەڵاتی ئێستا دەدەن، کۆتایی بە گەندەڵی، ستەم و نەهامەتییەکانی ئێستا دێنن. داوا لە خەڵکی دەکەن، کە دەنگیان پێ بدەن و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێستا بهێنن، بە پێچەوانەوە دەنگ نەدانی خەڵکی بە هاوکاری دەسەڵات و لە بەرژەوەندی پارتی و یەکێتی لە قەڵەم دەدەن. کۆتاییهێنان بە ستەم و ژیانی ناڵەبار، دەبەستنەوە بە دەنگدانی خەڵکی بە لیستەکانیان.

ئەگەر ئەم لایەنانە پێیان وابێت، کە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دەتوانن دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی وەرگرن، مانای وایە ئەم دوو حزبە بە دیموکراتی و ئاشتیخواز دەزانن. هەروەها هاوکاری ئەم دوو حزبەن بە بڵاوکردەوەی ئیدعای وەرگرتنی دەسەڵات لە رێگەی هەڵبژاردنەوە. واتە ئەم لایەنانە دەڵێن، کە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە پارتی و یەکێتی بە دەسەڵات گەیشتوون و دەکرێت هەر لە رێگەی هەڵبژاردنەوە وەلانرێن.

ئاخۆ ئەم لایەنانە چەواشە دەکەن یان بەراستی پێیان وایە، گەر پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرینەیان نەهێنا، ئەوا دەسەڵات و جومگەکانی، وەک هێزە ئەمنی و چەکدارەکان، دەزگا زانیارییەکان، سەرچاوەی داهات و خاڵە سنوورییەکان و هتد رادەستی لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکانی دەکەن؟ بەراستی لەو باوەڕەدان، کە دەسەڵاتی بڕیاردان دێتە دەستیان و پارتی و یەکێتی دەخەنە کەنارەوە؟ ئەمەش لە رێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە؟

لێرەدا هەڵوێستەیەک لەسەر ئامانج و جیهانبینی ئەم لایەنانەی تر نەکراوە، کە چەندە و بە چ شێوەیەک لە پارتی و یەکێتی جیاوازن. ئەوەی روو بە دەروە بەیان کراوە، جیاوازیە سەرەکییەکان لەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە پارتی و یەکێتی بە گەندەڵ دەزانن، کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بە هەدەر دەبەن. بەڵام بەرنامە و ستراتیجی خۆیان بە رۆشنی بەیان نەکردووە. ئەوەی تا ئێستاش بینراوە و بیستراوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دوو حزبی دەسەڵاتداردا نییە و زیاتر کەموکورتی لە دەسەڵاتی ئەم دوو حزبەدا دەبینن، تا ئەجندا و هێڵێکی سیاسی جیاواز بخەنە دەستوورکاریانەوە. بە کردەوە ململانێی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەسەر بەشە دەسەڵاتی خۆیان بووە، نەک لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی.

## پەرلەمان لە روانگەی خۆیانەوە

ئەگەرچی لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن زۆر بە گرنگییەوە باس لە پەرلەمان دەکەن، بەڵام بە کردەوە ئەمە بەدی ناکرێت و پێچەوانەکەی بە رۆشنی دەبینرێت. بەجیا لەوەی هیچ بایەخێکی پێ نادەن، تەواوی بڕیارە سیاسییە

بۆ لاپەڕە 13



# ئیدریس مستەفا: تەنها ئەڵتەرنەیتڤ بۆ سیستەمی پەرلەمانی ئەو بەدیلەیە کە دەبێ لە دەرەوەی سیستەمەکە بێت...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئیدریس مستەفا شرۆڤەکاری سیاسی سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: بەپێی مەرسومی سەرۆکی هەرێم!! ٢٠/١٠ دیاریکراوە بۆسازدانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان...سەرەتا دەپرسین، ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە هەڵبژاردن لەو کاتەدا بکرێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** تا ئەم ساتە دیارە کە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. مەگەر ڕووداوێکی گەورەی نیوخۆیی وەک کودەتا یاخود ناوچەیی وەک هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە وەک ئێستا ترسی هەڵایسانی هەیە بەهۆی شەڕی ئیسرائیل و حزبوڵڵاوە.

**بۆپێشەوە: مەرسومی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم دوای چەند جار دواخستن و دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر لە نێوان پارتی و یەکێتی و سەردانی بەغداو پاشان ئێران دەکرا، چۆن دەڕوانە ڕۆڵی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوە؟**

**ئیدریس مستەفا:** لە ڕاستیدا ئێران ڕۆڵی سەرەکی و دەتوانم بڵێم تەنهایی ناوچەکە دەگێڕێت بەوپێیەی ئێران نزیکترین و بەهێزترین پەیوەندی لەگەڵ شیعە و کورد هەیە کە دوو کۆڵەکەی بەهێزی هەڵبژاردنن. ڕۆڵی ئێران هەر وەک ئەمریکا و وڵاتانی تر ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە بوو لە وادەی خۆیدا. لە ڕووی تەکنیکیەوە لەوەناچێ ڕۆڵیان هەبێ، بەڵام وەک ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە ئەوا بۆ ئێران کەم لە مەسەلەکە دەگۆڕێ. هەر هێزێک بیباتەوە هەمان پەیوەندی دەبی لەگەڵ ئێران و وڵاتانی ناوچەکەدا.

**بۆپێشەوە: ئێستا کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بڕیاری لێ نەدراوە، کەچی بە کردەوە لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی دەستیان کردووە بە هەڵمەتی هەڵبژاردن و خەریکن فایل و دۆسیەی تاوانکارانەی یەکتری هەڵدەدەنەوە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ئیدریس مستەفا:** تۆمەتبارکردن و نابودکردنی یەکتر نەک هەر شتێکی تازەی ئەم هێزانە نییە، بەڵکو بەشێکە لە بوونی سیاسی و حزبیان. بگرە گەر ئەمە نەکەن ئەوە نیشانەی پرسیار دەبێ؛ بەڵام ئەوەی شتێکی سەیرە لەم نێوەدا ئەوەیە کە هیچ پارت و هیزێکی تر نییە لە دنیادا باسی تاوانکاریەکانی یەکتر بکەن بە ناو و شوێن و ژمارەوە. بەختی ئەم هێزانە لەوەدایە کە لە وڵاتێکدا کەس نییە لێیان بپرسێتەوە لەسەر ئەو تاوانکاریانەی لە زاری خۆیانەوە دێنە دەر.

**بۆپێشەوە: هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، هەڵبژاردن بە تاکە ڕێگای چارەسەری کیشەکانی ناوخۆی هەرێم دەزانن، چۆن دەڕوانە ئەو بۆچوونە؟**

**ئیدریس مستەفا:** لە ڕاستیدا ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە لە بنەرەتەوە، کە لە دنیای سیاسەتدا بە سیستەمی وێست مینیستەر لە قەلەم دەدرێ کە لەو ناوچەیەی لەندەنی پایتەختی بەریتانیاوە هاتۆتە دنیاوە، لە بۆ ڕاکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بووە. ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە بۆ ئەوە دروست بووە دەستکاری کۆڵەکەکانی نیزامی سەرمادارى و پێکهاتەی چینەکەی نەکات و تەنها لە سەرخاندا ئاڵوگۆر دروست بکات کە بریتیە لە دەستاودەستکردنی هێز لە لایەن حزب و لیستە سیاسیەکانیەوە. ئەوەی لە کوردستانیش دەنگۆ هەیە گوایە ئەم هەڵبژاردنە جیا دەبێ و ئاڵوگۆر دروست دەکات، چونکە پارتی و یەکێتی دەسەڵاتیان بەسەریدا ناشکێ بەو حوکمەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستان نەماوە و تەکنیکی دەنگدان وادەکات پارتی و یەکێتی نەتوانن دەنگی زۆربە بۆخۆیان دابین بکەن، ئەوە وەهمێکی گەورەیە. دوو خاڵ لەم بارەیەوە گرنگە: یەکێتی و پارتی هەر لە لوتکەی هێزدا دەمێننەوە؛ دووەمیش دەنگدان وەک لە ڕابردوودا هیچ کێشەیەکی سەرەکی چارەسەر نەکردووە هەر ئاواهاش گەر هیز و لیستی تریش بێن، واتە ئەوەی کە لەبەر چاومانە و دەیانبینین، ئەوا چارەسەری هیچ کێشەیەکی سەرەکی وڵات ناکات گەر بەرەو قوڵبوونی زیاتری نەبەن.

> **لە ڕاستیدا ئەم سیستەمی هەڵبژاردنە لە بنەرەتەوە، کە لە دنیای سیاسەتدا بە سیستەمی وێست مینیستەر لە قەلەم دەدرێ کە لەو ناوچەیەی لەندەنی پایتەختی بەریتانیاوە هاتۆتە دنیاوە، لە بۆ ڕاکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بووە...**

**بۆپێشەوە: وەکو ئاشکرایە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەغدادا، پاشەکشەی زۆری کردووە تا ئەو ڕادەیەی سەرانی حزبەکان نایشارنەوە، کە قەوارەی هەرێم لە بەردەم مەترسیدایە، ئایا هەڵبژاردن دەتوانێت وەڵامدەرەوە بەو دۆخە بێت، بەر بە مەترسیەکانی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بگرێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** بە پێچەوانەوە ئەم هەڵبژاردنە نیشانەی بەهیزی سەنتەر پیشان دەدات، نەک بەهێزی هەرێم، چونکە هەرێم (بەتایبەت پارتی) لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا نەبوو بەتایبەت لەم سات و کاتەدا، بەڵام بەهۆی فشاری حکومەتی مەرکەزی و خودی ئێران و ئەمریکاش هەرێم چووە پاڵ ئەم هەڵبژاردنە. قەوارەی هەرێم لە مێژە کاتێک لەبەردەم مەترسیدا دەبێ کە هێزێکی جەماوەری ڕاستەقینەی نوێنەری خەڵک دەسەڵات بگرێتە دەست و تاکو ئێستاش ئەمە بوونی نییە. واتە مەترسی لەسەر هەرێم نییە، چونکە هەریم دەبوو هەرێمێک بێت برازێتەوە بە نەخشاندنی چەند ستراتیجیەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی وەها کە نوێنەرایەتی قەوارەیەک بکات کە خەڵکەکە ناسنامەیەک و ڕەگەزنامەیەک و مێژوویەکی جیاوازتری هەیە لەو عێراقەی بە فیدراڵ لە قەڵەم دەدرێت.

> **یەکێتی و پارتی هەر لە لوتکەی هێزدا دەمێننەوە؛ دووەمیش دەنگدان وەک لە ڕابردوودا هیچ کێشەیەکی سەرەکی چارەسەر نەکردووە هەر ئاواهاش گەر هیز و لیستی تریش بێن، واتە ئەوەی کە لەبەر چاومانە و دەیانبینین ئەوا چارەسەری هیچ کێشەیەکی سەرەکی وڵات ناکات گەر بەرەو قوڵبوونی زیاتری نەبەن...**

**بۆپێشەوە: لە پێنج خولی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا، دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات ڕووینەداوە، هەرێم هەر دابەشی دوو زۆنی و دوو دەسەڵاتە" پارتی و یەکێتی" لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک بەدوای خۆیدا بهێنێت و دیزاینی سیاسی هەرێم بگۆڕێت؟**

**ئیدریس مستەفا:** خۆزگە وادەبوو بەڵام... ئەوە تەنها کاتێک نیشان دەپێکی کە ئۆپۆزسیۆنەکەی جیاوازتر بێ لە دەسەڵاتەکە. ئەو هێز و لیستانەی دەڵێن پارتی و یەکێتی دەردەپەڕێنین لە پەرلەمان و حکومەت لە هەموو ڕوویەکەوە گەر وەک ئەو دەسەڵاتە نەبن ئەوا باشتر نین، بگرە لە هەندێ ڕشتەی سیاسی و ئاینی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا ئەو ئۆپۆزسیۆنە کۆنەپەرستتر و گەندەڵتر و ناسیاسی تر و بێ وەعدترە. ئەوانە چ وەک کەسێتی و چ وەک لیست پێشتر دەست وپەنجەمان لەگەڵدا نەرم کردوون و دەیانناسین. ئەمە لە لایەکی، لە لایەکی ترەوە، ئەستەمە ئەو دیمەنە بێتە بەرچاو کە پارتی و یەکێتی بچنە ماڵەوە یاخود حکومەت و دەسەڵات تەسلمی ئەوانی تر بکەن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە گومانی زۆر هەیە تەنانەت گەر بە مەنتقیش سەیری بکەی هەندێ لەو کەسێتی و لیست و هێزانە سەر بە خودی یاخود لە ژێر نفوزی پارتی ویەکێتیدا بن بەتایبەتی پارتی. بەم هەموو تێکەولێکەیەوە هەر ئاڵوگۆڕێکیش ڕووبدات ئەوا بەرەو باشتر بوون نییە، بەڵکو بەرەو خراپترە یاخود بە لایەنی کەمەوە خولانەوە لە بازنەیەکدا دەبێ و کەوانەیە بازنەکان بگۆڕێن، بەڵام خولانەوەکان هەمان خولانەوەیە. بۆیە

گۆڕینی دیزاینی سیاسی هەرێم تەنها بە دوو شتەوە بەندە. یەکەمیان، یان هێزێکی شۆڕشگێڕی جەماوەری خاوەن میتودی فکری و سیاسی کە لای من ئەو هێزە دەبێ عەلمانی یا مەدەنیەت یا چەپێکی واقعی ناس بێت کە خوێندنەوەی بۆ هەر گۆشەیەکی ئەو کۆمەڵگەیە هەبێت. دووەمیان یاخود ڕووداوێکی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەدا ڕووبدات کە وەرچەرخان لەگەڵ خۆیدا بهێنێ و ئەمانیش لەگەڵ خۆیدا بپێچێتەوە. ئەو دەمیش هەر دەبێ هێزێکی ڕێکخراوەیی هەبێ بۆ پاش ڕووداوەکان ئەگەرنا لەوانەیە خراپتر ڕوومان تێ بکات.

**بۆپێشەوە: لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا سەرجەم حزب و لایەنە بەشدارەکان، دەیان بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدەن کە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و خزمەتگوزارییەکان باش دەکەن، کەچی دوای هەموو هەڵبژاردنێک دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان نەک باش نابێت خراپتر دەبێت، لاتان وایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت هیچ بار گرانیەک لەسەر شانی هاوڵاتیان لاببات؟**

**ئیدریس مستەفا:** مەسەلەی بارگرانی یاخود قورسی گوزەران ئەوە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە بارودۆخی ئابوری عێراقەوە. پەرلەمانەکان تەنها دەتوانن بودجەی وڵات دیاری بکەن لەسەر بنەمای داهاتی ساڵانەی ناوخۆیی کە بە ئینگلیزی پێ دەڵێن (GDP) Gross Domestic product.

لە هەرێمی کوردستان، یەکێک بگرە گرفتی گەورە ئەوەیە کە داهاتی ساڵانەی وڵات ناخرێتە خەزێنەی حکومەتەوە تاکو لەوێوە پەرلەمان بڕیار لەسەر بودجەیەک بدات بۆ ساڵی دادێ کە ئیتر لەویوە ئاستێک لە گوزەرانی ژیان دیاری دەکرێت و کەمێک بارگرانیان لە کۆڵ دەبێتەوە. هۆکارەکە ئەوەیە کە پەرلەمان وەک هەر دەزگایەکی تری وڵات بێ ئیرادەیە و هیچی لە دەستدا نییە و پارتی و یەکێتی بەتایبەت پارتی لەوەناچێ لێگەڕێ لیست و هێزی تری پەرلەمان بە ئازادانە بکەنە سەکۆی خۆیان و هەموو سەروەت و سامانی وڵاتیان بچێتە بەردەست و حوکمی هەریم بکەن. گریمان پەرلەمان چووە دەستی ئەوەی پێیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن ئەوا هێزی سەربازی و سەرچاوەی سامانە سروشتیەکان و بیرە نەوتەکان لە دەستی هەردوو هێزی دەسەڵاتداردا دەمێنێتەوە بەتایبەی لە ئێستادا قسەوباس هەیە لەسەر پڕ چەککردنی هێزی پێشمەرگە کە هەموان دەزانین ئەو هێزە سەر بە پارتی و یەکێتین.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە پارتی و یەکێتی، لە هەڵبژاردنەکاندا مل بەدوڕان دەدەن و دەسەڵات رادەستی هێزی براوە دەکەن؟**

**ئیدریس مستەفا:** پێم وابێ نیوەی ئەم پرسیارەم لە وەڵامی سەرەوەدا دایەوە؛ بەڵام گەر بە ڕاشکاوی بڵێم ئەوا ئێجگار زەحمەتە پارتی و یەکێتی مل بە دەستاودەستی دەسەڵات بدەن. ئەوە دروستە کە ئاستی تەکنیکی و چۆنێتی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارە وەک باسی دەکەن لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتیدا نابێ و ئەنجامەکان هەموو شتێک ساغ دەکاتەوە گوایە چاوی عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیشی لەسەرە، گریمان ئەمەش وابوو ئەوا ئەو دوو هیزە دۆڕان لە هەڵبژاردندا، بەڵام جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵات هەر لە دەستی ئەواندا دەمێنێتەوە و ئامادەنین بۆ ڕۆژێکیش دەسبەرداری ببن و بگرە وڵات دەکەن بە گۆماوی خوێن گەر بزانن ئەو جومگانە لە ژێر دەستیان دەردەهێنن مەگەر بڵێم چی... یەعنی ئەو ئەزمونەی ئێمە هەمانە لەگەڵ ئەو دوو هێزەدا و خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕابردوی شاخ و شاریان هەر ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەمانە ئەستەمە بە ئاشتی واز لە دەسەڵات بهێنن.

**گریمان پەرلەمان چووە دەستی ئەوەی پێیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن ئەوا هێزی سەربازی و سەرچاوەی سامانە سروشتیەکان و بیرە نەوتەکان لە دەستی هەردوو هێزی دەسەڵاتداردا دەمێنێتەوە بەتایبەی لە ئێستادا قسەوباس هەیە لەسەر پڕ چەککردنی هێزی پێشمەرگە کە هەموان دەزانین ئەو هێزە سەر بە پارتی و یەکێتین...**

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی نەوەی نوێ کە بەڵینی گەورە گەورە بەخەڵکی کوردستان دەدات؟**

**ئیدریس مستەفا:** تەنها خەسڵەتێک کە لەو هەرێمەدا هەیە ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنەکەی بەرهەمی ئەو دەسەڵاتەیە واتە کەسایەتی و لیست و هیزەکانی لە هەناوی خودی ئەو دەسەڵاتەوە هاتۆتە دەر، بۆیە ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێکی جدی لە دیمەنی سیاسی وڵاتدا بکات گەر بیشی باتەوە. رۆڵی لە رۆڵی دەسەڵات باشتر نابێ گەر واوەتر نەبێ. ئەم جۆرە لە ئۆپۆزسیۆن بوونی پەرلەمانی گەر هەرچەندە خۆی جیاواز پیشان بدات ئەوا ناتوانێ رۆڵێکی جەوهەری جیاوازتر لە دەسەڵات ببینێ و بگرە لەوانەیە ئەمجارە خراپتر لە ئەزمونی بزووتنەوەی گۆڕان گورزێکی تری کوشندە لە هیوا و ئاواتی خەڵکی بدات بۆ گۆڕانێکی تر.

قسەکردن لەسەر نەوەی نوێ بەرەو هەندێ شتی ناسیاسیمان دەبات کە باس کردنیان نزمیەک بە ئاستی قسەکردن دەدات؛ چونکە هیچ کەسێتی و هێز و لیستێک لە کوردستاندا وەک کەسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیە بە گەندەڵێ و فێڵ و فەرەجەی ئاشکرا دەستی پێ نەکرد، ئەمە جگە لەوەی خاوەن هیچ میتۆد و بەرنامە و رۆئیایەکی سیاسی نییە و ئەوەی خۆی و لیستەکەی دەیڵێن و دەیکەن هەر قسەکردن و فرەبڵێیێی سیاسی و هاشوهوشە. ئەو باکگراوندەی نەوەی نوێی لێی هاتۆتەدەر پێش ئەوەی دەسەڵاتی بگرێتە دەست زۆر لە دەسەڵاتەکە خراپتر کاری کردووە و دەستی چۆتە ماڵی خەڵک. هەر چاودیرێکی سیاسی گومانی ئەوە دەکات ئەو وشە و دەستەواژانەی ئەو بە کەسێتیە یەکەمەکانی دەسەڵاتەکەی دەڵێ و دەهێڵن ئاوها بە ئاسانی بەسەریدا بڕوات ئەوا بۆنی شتێک دەکەیت کە ئەو لیستە پشت قایمە بە هێزێک یاخود کەسێتیەک.

**بۆپێشەوە: تا هاتووە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کەم بۆتەوە، هۆکاری بەشداری نەکردنی خەڵک چییە؟ لاتان وایە ئەمجارەش زوربەی زۆری هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەن؟**

**ئیدریس مستەفا:** لە ڕاستیدا کەم بوونەوەی ژمارەی دەنگدەر لە هەڵبژاردەکاندا دیاردەیەکی جیهانی ڕۆژئاوایە و بگرە لە هەندێ وڵات لەوانە ئوستراليا گەر نەچی بۆ دەنگدان لێپرسینەوە و تەنانەت سزاشی لەسەرە و هۆکارەکەش بێهیوایی خەڵکە بە مەسەلەی هەڵبژاردن و سیستەمی پەرلەمانی. کوردستانیش بەشێکە لەو دیاردەیە جیهانیە و بگرە خراپتر. دیارە ناتوانین بەراوردی سیستەمی هەڵبژاردن و پەرلەمانی وڵاتێکی وەک ئوستورالیا بکەین لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام لە جەوهەردا هەمان بێ هیوایییە و ڕێژەی بێ هیوایی خەڵک بە هەلبژاردن لە کوردستان گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا و خەڵک چیدی بێ هیوا بووە لەهەر مەسەلەیەکی هەڵبژاردن.

لەوانە ئەمجارە ڕێژەیەکی باش لە خەڵک بچن بۆ دەنگدان ئەویش بەهۆی ئەو سیستەمی دەنگدان و ئاستە تەکنیکی و تەنانەت سیاسیەکەشی کە لە ژێر دەسەلاتی هەردوو هیزە گەورەکەی هەرێمدا نییە و دەنگەکان وەک دەڵێن فێڵی تیدا ناکرێ و لە دەرەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەچێتە پێشەوە، بەتایبەت لەم هەڵبژاردنەدا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستان نەماوە و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن تەنها لە سەنتەرە.

**بۆپێشەوە: ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، دەبێ چی بکەن و بەدیلی هەڵبژاردن چییە؟**

**ئیدریس مستەفا:** ئەگەری بەشداری کردن و بەشداری نەکردنی خەڵک هەمیشە بەهێزە، بەڵام ئەوەی بێ هێزە مەسەلەی بەدیلە. ئەم سیستەمی پەرلەمانیە هێندە بیژیانە دامەزراوە و کاری خۆی دەکات کە وای کردووە خەڵک بیر لە بەدیلی دەرەوەی سیستەم نەکەنەوە. لە کاتێکدا تەنها ئەڵتەرنەیتڤ بۆ سیستەمی پەرلەمانی ئەو بەدیلەیە کە دەبێ لە دەرەوەی سیستەمەکە بێت، ئەمە وەک مەسەلەیەکی سیاسی فکری، بەڵام وەک مەسەلەیەکی واقعی سیاسی بەتایبەت گەر بۆ کوردستان باسی بەدیل بکەین ئەوا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی عەلمانی و مەدەنی و چەپ و خەڵکانی ئازادیخوازە کە بتوانن لە هەموو گۆشە سیاسیەکانەوە کاروچالاکی جەماوەری و ڕێکخراوەیی بکەن چ لە کۆڕ و کۆمەڵە جیاوازەکانەوە تا دەگاتە سەر جادە و تەنانەت بەشداری ناو پەرلەمان و هەر ئاستێکی تری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و جەماوەری. دیارە ئەمە تەداروکاتی خۆی دەوێ کە زەمەنێک دەخایەنێ و ئەو تەداروکاتە دەکرێ لە جێیەکی تر باسی بکەین.

**ئەو باکگراوندەی نەوەی نوێی لێی هاتۆتەدەر پێش ئەوەی دەسەڵاتی بگرێتە دەست زۆر لە دەسەڵاتەکە خراپتر کاری کردووە و دەستی چۆتە ماڵی خەڵك. هەر چاودیرێکی سیاسی گومانی ئەوە دەکات ئەو وشە و دەستەواژانەی ئەو بە کەسێتیە یەکەمەکانی دەسەڵاتەکەی دەڵێ و دەهێڵن ئاوها بە ئاسانی بەسەریدا بڕوات ئەوا بۆنی شتێك دەکەیت کە ئەو لیستە پشت قایمە بە هێزێك یاخود کەسێتیەك...**

# درێژەی...ئخۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن ”هەڵبژاردن لە کوردستان“

چارەنووسسازەکانیش لە دەرەوەی پەرلەمان دراوە و ڕێکەوتنی لەسەر کراوە.

سادەترین بەڵگە ئەوەیە، کە لە جیهاندا سکرتێر و بەرپرسی باڵای حزبەکان سەرجەمیان بۆ پەرلەمان کاندیدن و گەر هەڵبژێردران، چالاکانە بەشداری گفتوگۆ و دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکەن. بۆ نمونە لە خولی پەرلەمانی ٢٠١١ – ٢٠١٥ی فینلاند هەشت پارتی سیاسی جیاواز لە پەرلەمان بوون، سکرتێری هەر هەشت پارتەکە لە پەرلەمان بوون. هەروەها باقی ئەندام پەرلەمانانی تر، بە زۆری ڕابەرانی حزبەکان بوون. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، چوار لە حزبەکان سکرتێریان گۆڕی و هەر چوار سکرتێرە نوێکە ئەندام پەرلەمان بوون. واتە هەشت لایەنی بەشداربوونی پەرلەمان و ١٢ سکرتێری پەرلەمانتاری بوو.

بەڵام لە کوردستان زۆر بە دەگمەن لە بەرپرسانی حزبەکان خۆیان کاندید دەکەن و هەوڵی پەرلەمان دەدەن. بە زۆری کاندیدەکان لەکۆمەڵێک کادر پێک دێن، کە کەمتر لە ئاستی کۆمەڵگە و ڕەنگە تەنانەت لە ئاستی خودی حزبەکانی خۆشیاندا ناسراوبن. لەم خولانەی دووایدا، هیچ سکرتێری حزبێک (لانی کەم ناسراوەکان) لە هەڵبژاردنەکاندا کاندید نەبوون.

ئەم نمونەیە بە ڕۆشنی پێمان دەڵێت، کە پەرلەمان بۆ خودی لایەنەکانی بەشداربووش ئەرزشێکی ئەوتۆی نییە، کە بهێنێت هەوڵ بدەن ڕابەری و باشترین کادرەکانی بۆ ڕەوانە بکەن و ململانێی سیاسی خۆیانی تێدا بە ئەنجام بگەیەنن. بەڵکو لە دەرەوەی پەرلەمان شەڕی سیاسی خۆیان دەکەن و پەرلەمانیان زیاتر بۆ ڕووکەش دەوێت.

نمونەی بەرجەستەی تر زۆرن، کە بێ ئەرزشی پەرلەمان لە خودی لایەنەکانی بەشداربوو خۆیانەوە دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکانیاندا. ڕێکەوتنە گرنگەکانی پەیوەند بە کۆمەڵگە، بەردەوام لە دەرەوەی پەرلەمان تاوتوێ کراون. بۆ نمونە لە ڕۆژانی دوای ١٧ شوبات، لایەنەکانی بەشداربووی پەرلەمان لە دەرەوەی پەرلەمان و بێ ئامادەیی پەرلەمانتارەکانیان لە دانیشتنی پێنج قۆڵیدا بە ڕێکەوتن گەیشتن. هەروەها لەگەڵ توندبوونەوەی هەر گرفتێک، ناگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، بەڵکو بەرپرسانی حزبەکان لە دەرەوەی پەرلەمان قسەی لێ دەکەن و هەوڵ دەدەن بە ئەنجامێک بگەن. ئەمەش ڕێکەوت نییە، بەڵکو بە سادەیی لەبەر ئەوەیە، کە پەرلەمان توانای نییە خۆی لە بڕیارە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگە بدات، کە بە تەواوەتی لە دەستی بەرپرسانی حزبەکانە، کە هەمیشە لە دەرەوەی پەرلەمان کار دەکەن.

کاتێک ئەمە تێڕوانین و بەرخودی دەسەڵات و لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنە، دەبێت خەڵکی چی چاوەڕوانییەکی لێی هەبێت؟ کاتێک پەرلەمان بۆ خودی حزبەکانی بەشداربوو و ڕابەرانی گرنگ نییە، بۆچی دەبێت بۆ خەڵکی گرنگ بێت؟

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە کوردستان

"دەنگدان بە گۆڕان، دەنگدانە بە کوشتار و تیرۆر!" یەکێک بوو لە بانگەشەکانی یەکیتی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ٢٠١٣.

گەر لە جیهاندا ناوەڕۆکی هەڵمەتی هەڵبژاردن بریتی بێت لە هەوڵدان بۆ ناساندنی بەرنامەی سیاسی لایەنەکان و خستنەڕووی ئەو ئامانجانەی لە گەیشتنیان بە دەسەڵات دەیڕەخسێنن، ئەوا لە کوردستان لەم دیاردەیەشەوە زۆر دوورە. بە کەمی و بە کاڵی لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن لەسەر بەرنامەی خۆیان قسە دەکەن و هەوڵی ناساندنی بە جەماوەری دەنگدەر دەدەن، گرەوی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە شکاندنی ڕکابەرەکانیاندا دەبیننەوە.

ئەوەی بە پلەی یەکەم لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا کراوەتە کەرەستەی بانگەشە و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، بریتی بووە لە هێرشکردن بۆ سەر یەکتری و خراپ نیشاندانی لایەنەکانی تری بەشداربووی هەڵبژاردنەکە. دوو پارتی دەسەڵات لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەشێکی بەرچاو لە کاتی میدیاکانیان دەخەنە ئیختیاری ئەم جۆرە لە پڕوپاگەندە و هەڵدانەوەی مێژووی تاوان و خراپەکاری لایەنەکەی تر. لە بەرانبەر ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانیشدا بە هێنانەپێشەوەی دۆسیە و بابەتی جیاواز بۆ شکاندنیان، ئامێرەکانی بانگەشەیان دەخەنە کار. ئەو لایەنانەش، کە بە گشتی شەریکی دەسەڵاتن، بە تایبەتی گۆڕان و ئیسلامییەکان، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا هەر ئەم شێوەی پڕوپاگەندەیە پیادە دەکەن و بانگەشەکەیان تەنها لەسەر هێرش بۆ کارنامەی دەسەڵات خۆی دەبینێتەوە. هەرچی ئەو لایەنانەشە، کە بە ئۆپۆزیسیۆن خۆیان لە قەڵەم دەدەن، تەنها نیشاندانی کارەساتەکانی دەسەڵات بەسەر خەڵکیدا وەک کەرەسەی بانگەشە سوود لێ وەردەگرن. بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنەکان بۆ زۆرینەی زۆری دەنگدەر بە بێ ئاشنایی دەمێنێتەوە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە، پاش تەواوبوونی هەڵبژاردن، ئەم لایەنانە دەچنەوە سەر هەمان مێز بۆ گفتوگۆ و دابەشکردنی پۆستەکان. بەشێوەیەک کۆکن و زەردەخەنە لەسەر لێویانە، لەوە دەچێت ئاگاداربن پێش هەڵبژاردن نەبن، چیان پێ گوتراوە و خۆشیان چیان بە لایەنەکانی تر گوتووە. زۆر ئاسایی و وەک بەشێکی جیانەکراوەی تەواوی پڕۆسەکە تەماشای دەکەن و نیگەرانییەکیان پێوە بەدی ناکرێت. تەنانەت هەندێک جار، کە ڕووبەڕووی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان دەبنەوە، زۆر بە سادەیی بە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە قەڵەمی دەدەن. واتە پێیان ئاساییە بە بەشێکی جیانەکراوەی هەڵبژاردنی دەبینن.

بۆیە بۆ یەکێتی نیشتیمانی زۆر ئاسایی بوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ دەنگدان بە گۆڕان وەک دەنگدان بە کوشتار و تیرۆر لە قەڵەم بدات. نە گۆڕان بەم لێدوانە ناڕەحەت بوو، نە بۆ خودی یەکێتیش جێگەی هەڵوێستە بوو، کە ئەم لایەنەی بە کوشتار و تیرۆری هاوتا کردبوو. تەنها هەشت ساڵ دواتر و لە هەڵبژاردنەکانی پەلەمانی عێراق، ئەم دوو لایەنە بە یەک لیست بەشداریان کرد و دروشمی هەڵبژاردنەکەیان بریتی بوو لە "پێکەوە بەهێزترین!"

ئەستەمە ئەمە لە هیچ جێگەیەکی تری جیهان ڕووبدات. لایەنێک کوشتار و تیرۆر هاوتای لایەنێکی تر بکات، بەڵام ئامادە بێت بچێتە هاوپەیمانییەوە لەگەڵیدا. یان لایەنێک بە کوشتار و تیرۆر لە قەڵەم درابێت، بەڵام بێ پێداچوونەوە و قسەیەک لەسەر ئەم دەربڕین و هاوتاکردنە، ئامادەیی هاوپەیمانی بێت لەگەڵ ئەو لایەنەی بەم شێوەیە ناوبردووە. ئەمە تەنها نمونە نییە.

تەنها تەماشاکردنی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەسە بۆ نیشاندانی پووچی تەواوی پڕۆسەکە. داخستنی پەرلەمان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و ڕێگەگرتن لە سەرۆکی پەرلەمان، لەگەڵ نوێنەرایەتی لایەنەکانی پەرلەمان لە دەرەوەی سەرکردایەتی لایەنەکان و پێگەی پەرلەمان بە گشتی، گومانێک بۆ بێ ناوەڕۆکی ئەم دەزگایە ناهێڵێتەوە.

## درێژەی دوا وتە

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لەبەرامبەر بەم دۆخەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا، نەک هەر بێباکە، بەڵکو خۆی هۆکارێکی ئەم کەشە نەخوازراوەیە کەبەسەر کۆی سیستەمی پەروەردەو خویندن و فیرکردندا زاڵکراوە. چونکە گومان لەوەدا نییە، کە سیستەمی خوێندن و پەروەردەو فیرکردن ڕەنگدانەوەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسییە. ناکرێت سیستەمێکی دواکەوتووی کۆنەپەست خوێندن و پەروەردەو مەنهەجی خوێندنی پیشکەوتنخوازو ئینسانی بێت. هەر وەکو ناشیت سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن و کراوە و ئینسان دۆست، سیستەمی پەروردەو خوێندن و فیرکردنی دواکەتوو و داخراو سەرکوتگەرانەو لەسەر مەبنای گیلکردن و گەوجاندن دامەزرابێت.

سیستەمی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان، ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی شکستخواردووی دەسەڵاتێکی میلیشیایی تالانچییە.

هۆکاری ئەوەی ئەلگۆ و فۆرمی سیستەم و خوێندنی دانیمارکی و سویدی لە کوردستان ناتوانرێت پیادە بکرێت، دەسەڵاتی سیاسییە. ناکرێت خوێندن و پەروەردەو فێرکردن تیکەڵ بەدین و سیاسەت بکرێت و هاوکاتیش چاوەڕوانی ئەوە بیت، فۆرمی و ئەلگۆ سویدی جێ بەجێبکرێت و سەرکەوتوبێت. ناکرێت مامۆستا موچەی نەبێت و خوێندکار و قوتابی برسی بن و پیداویستیەکانی خوێندن لە بیناوە تا تاقیگەو مەنهەجی خوێندن فەراهەم نەکرابن و چاوەڕوانی سەرکەوتن و پیشرەوی لە خوێندن و پەروەردەدا بکرێت.

خوێندن و پەروەردە وەکو سەرجەم بوارەکانی تری لە چەشنی تەندروستی، ریگاو بان، یاساو سیستەمی دادوەری... ناکرێت لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا وەڵام دەرەوەی ویستی خوێندکار و قوتابیان و خواستی گشتی کۆمەڵگە بێت.

ئەگەر هێشتا خویندن و پەروەردە و فیرکردن لە کوردستان نەتوانراوە بەتەواوەتی ئیسلامیزە بکرێت، نەتوانراوە بەتەواوەتی لەبەین بچێت، هۆکارەکەی ڕاوەستاوی بەرەو بلۆکی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستانە، لە پیشیانەوە مامۆستایان و کارمەندان و شارەزایانی دلسۆزی بواری پەروەردەیە. مەیدانی خوێندن و پەروەردە وەکو هەموو بوارەکانی تر مەیدانی بەرامبەرکێی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیە.

کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە سیستەم و ئەلگۆیەکی سەردەمی خوێندن و پەروەردەیە، کە بەبێ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە مەیسەر بوونی لەمەحاڵ نزیکە. ساڵی تازەی خوێندن دەست پێدەکات، لەگەڵیشدا ململانێی لەگەڵ دەسەڵات بۆ سەرەتاییترین پیداویستیەکانی زامن بوونی کەشیکی سادەو ئاسایی خوێندن و پەروەردەش دەست پێدەکات. پرسی موچە، زیادکردنی موچە، دامەزراندن، بردنە سەری توانایی مامۆستایان، قوتابخانەی شیاو، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سێ دەوامی، تا دەگات بە بەرگرتن بە شەپۆلەکانی کۆنەپەرستی... مەیدانی ئەو بەرامبەرکێیەن.

خوێندکاران و مامۆستایان و کەس و کاریان، پێویستە دەستیان لەناودەستی یەکتریدا بێت، بۆ باشترکردنی پرسی خوێندن و پەروەردە. لەو نێوەدا بوونی ریکخراوەی مامۆستایان و خوێندکاری سەربەخۆ کە بەرژەوەندی هاوبەشی مامۆستایان و خوێندکاران و پرسی خوێندن و پەروەردە، بێ گوێدانە ناسنامەی حزبی و بیروڕای سیاسی، مەبناکەی بێت، دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت بۆ گێرانەوەی ئیرادە بۆ مامۆستایان و خوێندکاران و کەس و کاریان و هەنگاونان، بۆ تورهەڵدانی ریکخراوە مامۆستایان و خوێندکارییە حزبی و گوێ لەمستەکان. هاوکاتیش دەتوانێت ئاراستەی خوێندن و پەروەردە، بە ئاقارێکی شیاودا ببات و ببێتە گوشاری کاریگەریش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی.

*******

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

هاوڕێ نەهرۆ، ڕێبوار حەمە شەریف، بەندی عەلی، وریای رەسام، ئیدریس مستەفا، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود،بنار مستەفا، توانا حەمە نوری، سەردار عەبدوڵا حەمە، خالید بایەزیدی، ژمارەیەک ژنی نارازی...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:


abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

## بەڵێنەکان... بەندی عەلی



بەر لە دەنگدان
لە کۆمەڵێ ئاسک دەچن
شۆخ و شەنگ و
گورج و گۆڵ و سرك و جرپن
دوای دەنگدانیش
دێزو دەبەنگ
خلیچك و خاو قورس و تەنبەڵ
لە هیچ شتێکی تر ناچن
غەیری کیسەڵ ..
بەر لە دەنگدان
کولـلە دەبێت بە پەپوولە
هەڵۆ دەبێت بە ڕیشۆڵەو
پڵنگ دەبێت بە پشیلە
شێر خۆی دەکات بە سمۆرەو
تیمساح بە بۆق
ماریش دەبێت بە مێروولە
دوای دەنگدانیش
سەهۆڵ دەبێت بە ئاگرو
زیخ بە شاخ و پوش بە درك و
تەم بە سەرپۆش
بازنگ دەبێت بە کەلەبچەو
گوارەش دەبێت بە قولپ و
لۆکە بە ئاسنی حەوتجۆش
نیشتیمانیش
دەبێت بە سوچی مەیخانەو
ژیان بە پێکێ شەراب و
مێژوو بە پیرێکی سەرخۆش!
*******

## دوا وتە

# لە پێشوازی ساڵی تازەی خوێندندا

عەبدوڵا مەحمود

ئەم مانگە دەسپێکی ساڵی تازەی خوێندنەو دەرگای قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆکان دەکرێتەوە.

لە کاتێکدا دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، کە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو لەوپەڕێ خراپیدایە و تادێتیش بەرەو خراپ تر دەچێت. ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەخێرایەکی زۆر دەچێتە سەرەوە، گرانی بازار وەکو ئەژدیهایەک دەستی ناوەتە بینەقاقای بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە. سلکی خوێندن و پەروەردە بەرەو داڕمانێکی ئاشکرا پەلکێش کراوە. نەبوونی بینای پێویست بۆ قوتابخانە و پەیمانگاکان، نەگونجاوبوونی بیناکان، نەبوونی پێداویستیەکانی خوێندن، وەکو کتێب و قەڵەم و کورسی و تاقیگەو... پرۆسیسی خوێندن و فێرکردن و پەروەردەی شەلەل کردووە. بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکارییەوە ڕێژەی نەچوونی و نەناردنی منالآن بۆ خوێندن هەڵکشاوەو ئەو منالآنە ناچار بەوە کراون لە جێگای قوتابخانە، مل بە بازاڕی بێرەحمی سەرمایە بدەن و ببنە سەرچاوەی کاسبی بۆ خێزانەکانیان.

کەمی موچەو دواکەوتنی موچەکان و لێقرتاندنی، هەمیشە سایەی بەسەرسەری مامۆستایانەوەیە. هەلومەرجی کارمەندانی پەروەردەو مامۆستایان بەتایبەتی لە چەند ساڵی رابردوودا، کە نیوە موچە و چارەکە موچە و دواکەوتنی موچەکانیان ئاستی ژیان و گوزەرانیانی توشی داڕمان کردووە بەو هۆیەشەوە توانایی ئەو توێژەی کەم کردۆتەوە. دابەزینی رادەی دەرچوون بۆ نزمترین ئاست رەنگدانەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەیە. نەبوونی موچەو دواکەوتنی بەردەوامی لە ململانێی دەسەڵاتی سیاسی بەغداو هەرێمدا و دواکەوتنی خوێندن و داخستنی قوتابخانەکانی بەدوای خۆیدا، کە هەموو ئەمانە گورزی وەشاندە خوێندنی ساڵی رابردوو.

زاڵکردنی کەشی کۆنەپەرستی لەناو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکاندا، تا دەگات بە هەرەشەو چاوسورکردنەوەو ترساندن لە قوتابخانەکاندا، لایەنێکی ترە کە پرۆسیسی خوێندنی بەرەو وێرانەیی بردووە. هاوکات مەنهەجی خوێندنی کۆنەپەرستانەی سەرچاوە گرتوو لە دین و خورافاتی دینی، تا دنەدانی دیدو روانینی ناسیونالیستی و تیکەڵکردنی ئەمانە لەگەڵ مەنهەجەکانی خوێندندا، خودی ناوەندەکانی خوێندنی گۆڕیوە بۆ ناو کایەی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە فیربوونی زانستی و دیدی ئیساندۆستانەو ژیان دۆستی.

بەجیا لەوانە دیارنەبوونی هیچ ئایندەیەک بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و دانەمەزراندن و دەستگیر نەبوونیان لە هیچ کارێک، وای کردووە گرنگی دان بە خوێندن لاواز ببێت. هۆکارێکی سەرەکی کۆچی لاوان و تازە لاوان بۆ وڵاتانی ئەوروپا راکردنە لەو دۆزەخە و وێڵ بوونیانە بەدوای ژیان و کاردا.

بۆ لاپەڕە 13

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام



